دەزگای میدیایی کەرکوك دەریدەكات
تصدر عن مؤسسة كركوك الاعلامية

گۆڤاری مجلة

١٧
تەمموز 2021
3

الداغستاني:
وجدت نفسي في مفترق الطرق

شیلان عوسمان بەیەکجاری لە گۆرانی وتن دوردەکەوێتەوە



دەوەن نەوزاد:
هونەر بۆ خەڵکی دەکەم ، ئەگەر لێم رازی نەبن سەرکەوتوونابم

یوسف مــوراد :
خۆشەویستیم بۆکارەکەم ژیانمیشی خستۆتە مەترسیەوە

گۆڤاری TV مجلة

پیرۆزبایی

بەناوی سەرنووسەر و ستافی گۆڤاری TV وە پیرۆزبایی لە هەڤاڵ عیماد ناسیح دەکەین بەبۆنەی دەستبەکاربوونی وەك سەرپەرشتیاری گشتی دەزگای میدیایی کەرکوك.

گۆڤارێکی مانگانەی گشتییە دەزگای میدیایی کەرکوك بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەریدەکات

ژمارەی سپاردن لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراق ١٩١٩ لە ٢٠٢١/٤/١٩

لەم ژمارەیەدا

مەلا کەریم شکور: لە هەموو رووداوەکاندا خورماتوو زیانی زۆری بەرکەوتووە چونکە سەری رمەکەیە

ل٤.....................

الموسيقى لغة الشعوب

أوات كاكە ئي ص٣١

چۆن یانەکانمان بکەینە یانەیەکی وەبەرهێنەر

ديار عومەر ص٣٩

سەرپەرشتیاری گشتی - المشرف العام
عیماد ناسیح

سەرنووسەر - رئيس التحرير
روان تاڵیب

بەڕێوەبەری نووسین - مدير التحرير
هەودە خالید

بەڕێوەبەری هونەری - المدير الفني
دڵشاد زەنگنە

دەستەی نووسەران - هيئة التحرير
سەنگەر کاکۆ
پشکۆ خاڵدانی

بۆ ریکلامکردن - للاعلانات

07707273939
07503203929

مجلة شهرية عامة
تصدر عن مؤسسة كركوك الاعلامية باللغتين الكوردية والعربية

رقم الاعتماد في نقابة الصحفيين العراقيين ١٩١٩ في ٢٠٢١/٤/١٩

سر صداقة مناضل كوردي وشاعر عراقي عربي

سعد ملا علي



شوقا "جلال" كشوق العين للوسن
كشوق ناء غريب الدار للوطن
شوقا إليك وان ألوت بنا محن
لم تدر أنا كفاء الضر والمحن
يا ابن الذرى من عقاب غير مصعدة
شم النسور به ، إلا على وهن
وحسب شعري فخرا ان يحوز
على راو كمثلك ندب ملهم فطن
"جلال" صنت عهودا بيننا وثقت
فما توثقت من عهد بها ، فصن
لا تبغني بوق "حرب" غير طاحنة
بها تزيا كذوب، زي مطحن
ولا تردني لحال لست صاحبها
وما تردني لحال غيرها، أكن

هذا ما قاله الشاعر الكبير محمد مهدي الجواهري* في وصف الرئيس مام جلال الذي يجمع في شخصيته حكمة الشيوخ وحماسة الشباب.

الشاعر العراقي محمد مهدي الجواهري ابن النجف، شاعر العرب الاكبر، عاش متمردا على جميع حكام العراق منذ العهد الملكي وبعدها الجمهوري، مدحهم ثم هجاهم في شعره، الامر الذي كان سببا في سحب جنسيته العراقية لاكثر من مرة، وانتهى به المطاف للاستقرار في العاصمة السورية دمشق حتى وفاته في ٢٧ تموز ١٩٩٧.

كان الجواهري والرئيس مام جلال تربطهما صداقة حميمة؛ فما حضر الرئيس مام جلال مناسبة الا واستشهد بشعره، يقراه بعربية سليمة، وبحماسة كأنه شاعر القصائد.

توثق صفحات ديوان الجواهري واوراقه الشخصية من جهة؛ واحاديث وكتابات الرئيس مام جلال من جهة ثانية؛ محطات وأحداثا حافلة في علاقات مديدة بينهما ترجع عمليا الى عام ١٩٥٩ عندما تاسست اول منظمة لصحفيي العراق، فكان الجواهري نقيبا لها ومام جلال عضوا في هيئتها الادارية.

اما قصة غطاء رأس الجواهري التي تحكى عنه كثيرا، فقد بدات بنصيحة طبية للجواهري؛ في ان يحجب راسه من شمس الشتاء والصيف، فصارت الطاقية ملازمة له في اليقظة والمنام، اقتنى الغطاء الطاجيكي اول مرة، لكن مام جلال زوده بغطاء منسوج محليافي كوردستان، وطرز عليه حروف كوردستان وظل يزوده به بين الحين والآخر.

حين نظم الجواهري قصيدة «ماذا اغني؟» عام ١٩٨٠ لمام جلال؛ لم يكن مام جلال ملكا ولا رئيسا، انما كان بيشمركة في جبال كوردستان، فجاءت متانتها من متانة الصداقة، كانت ردا على رسالة منه الى الشاعر، يثير فيه الشعر بعد طول صمت.

رحل الاثنان وظل ما بينهما كصحبة عراقية مثار عجب واعجاب؛ عربي يحمل كوردستان على راسه، وكوردي يخزن قصائد صاحبها في القلب.

*٢٧ تموز، يصادف الذكرى السنوية الرابعة والعشرين لرحيل الشاعر العراقي محمد مهدي الجواهري، الذي وافاه الاجل في دمشق السورية عام ١٩٩٧، بعد سحب جنسيته من قبل نظام صدام حسين واقامته في سوريا.

لێپرسراوی مەڵبەندی حەمرینی یەکێتی باس لە دۆخی خورماتوو دەکات

مەلا کەریم شکور: لە هەموو رووداوەکاندا خورماتوو زیانی زۆری بەرکەوتووە چونکە سەری رمەکەیە

مەلا کەریم شکور، لێپرسراوی مەڵبەندی 16ی حەمرینی (ی.ن.ك)، لە چاوپێکەتنێکی لە بەرنامەی (راشکاوانە) لەگەڵ ئاوارە جومعە کە لە کەناڵی ئاسمانی کەرکوکەوە پەخشدەکرێت، باس لە بارودۆخی سیاسی و خزمەتگوزاری لە قەزای خورماتوو دەکات و راشیدەگەیەنێت : « لە دوای کۆنگرەوە یەکێتی بەرنامەو پلانی ستراتیژی بۆ سنوری قەزاکە هەیە.

*** کێ بەرپرسیارە لەو دۆخەی کە بەسەر قەزای خورماتوودا هاتووە.**

- لە ساڵی ۲۰۰۳ ـەوە بگرە تا رووداوەکانی دوای ریفراندۆم، خورماتوو روبەڕوی چەندین کێشەو گرفت بۆتەوە، بۆ ئەوەش چەند هۆکارێك هەن، لەوانە هەڵکەوتەی پێگەی جوگرافی خورماتووە، لە رابردوودا هەر گۆڕانکارییەك لە سنورەکە هاتبێتە پێش، خەڵکی ناوچەکە باجەکەی داوە، بۆ نمونە، لە کاتی ئەنفالەکاندا ئەو زیانەی بەر ناوچەکانی خورماتوو کەوتن زۆر زیاتر بوو لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان، هەروەها لە راپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ ئەوەی لێرە روویدا، لە شوێنەکانی تر روویان نەدا، کە کۆمەڵێك فەرماندەو پێشمەرگەی قارەمان و هاوڵاتی شەهیدبوون، جگە لەوەی زیاتر لە (٤٢٠) خانوو تەختی زەوی کران، دوای لێکەوتەکانی ریفراندۆمیش جارێکیتر ئەوەی لێرە روویدایەوە، لە کەرکوك و خانەقین رووی نەدا.

*** کێ هۆکار بوو دیسانەوە زیان بە خەڵك و ناوچەی خورماتوو بگات، بەتایبەتی لەسەردەمی دەسەڵاتی کوردیدا؟**

- لێرەو لە شوێنەکانیتر حوکمێکمان نەکردووە کە بتوانین خزمەتی خەڵکی خۆمان بکەین، هەم بتوانین لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکە بەشێوەیەك بژین کە ئەو حاڵەتانەی رابردوو روویاندا روونەدات، ئەوە بە بەرنامە دەکرێت، وەك کورد و ئێمەش وەك یەکێتی لێرە دەسەڵاتدار بووین، من خۆم لە ۲۰۰۳ـەوە تا ئەو کاتە لێپرسراوی پلەیەك و دووی ناوچەکە بوومە، خۆمان لە زۆر شت لاداوە، بەڵام وەك سەرکردایەتی سیاسی کورد بەرنامەی ستراتیژیمان بۆ ئەم ناوچانە نەبووە، بەتایبەت بۆ مامەڵەکردن بۆ پێکەوەژیان نەبووە، بۆ ئەوەی هەمیشە پێگەی کورد بەهێز بکەین.

*** واتا نەك پێگەی کوردتان بەهێز نەکرد، بگرە پێگەی کورد بەرەو لەناوچوون دەچێت؟**

- نەك تەنها لە خورماتوو، کورد لە زۆر شوێنی دیکە پاشەکشەی کردووە، بەتایبەتی لەم ناوچە سنورییە کە لە خانەقینەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە کەرکوك، ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە، لە ساڵی ۲۰۰۳ سەرکردایەتی سیاسی کورد پلانی نەبووەو نەیتوانیوە بەرنامەیەکی ستراتیژی باشی هەبێت تا کورد لەو ناوچانە بە خاکەوە ببەستێتەوە، دوای ئەوەی دەسەڵاتی کوردی هاتۆتە خورماتوو نزیکەی دوو هەزار خێزان شارەکەیان بەجێهێشتووە، بەشێکیان پەیوەندی بە دۆخی ئەمنییەوە هەبووە، بەتایبەت تەقینەوەکانی قاعیدەو نەقشبەندییەکان و دواتریش داعش، بەشێکی دیکەش پەیوەندی بەوە هەیە بە خاکەوە نەبەسترابۆوە، سەرکردایەتی کورد دەیتوانی لێرە خزمەتی خەڵك بکات، گلەیی لە خەڵك نییە کە خاك بەجێدەهێڵێت، بەڵکوو گلەییەکە لە سەرکردایەتی سیاسی کوردە، ئەگەر هاوکاری خەڵك بکەیت دەمێننەوە، لەبەر ئەوەی خورماتوو سەری رمەکەیە، ئێستا رێژەی کورد ناگاتە (٥٠٪)، ئەویش بەهۆی تەعریبەوە کە ناحیەکانی نەوجول و قادر کەرەم تەختکران و راگوێزران و لە خورماتوو جیاکرانەوە، ئەمە وایکرد ژمارەی کورد لە قەزاکە کەمبێتەوە.

*** دەرهاویشتەکانی ریفراندۆم لەسەر خورماتوو چی بوون؟**

- پێشتر هەندێ ئاڵۆزی لەنێوان کوردو تورکمان روویدا، وایکرد دۆخی ئێرە لە شوێنەکانی دیکە خراپتر بێت، دۆخی پێکەوەژیان لێرە بەرەو ئاڵۆزی رۆیشت، بەتایبەت لە نێوان کوردو تورکمان، بۆیە کە ریفراندۆم و ١٦ی ئۆکتۆبەر روویدا، شەڕی قورس بوو، زیانی گەورەمان وەك کورد لێکەوت، ئەمەش جێگەی گلەییە کە حکومەتی هەرێم و سەرکردایەتی سیاسی کورد نەیتوانی لە خەڵکی ئەم شارە بپرسێتەوە، دوای رووداوەکانیش نەتوانرا قەرەبووی ئەو خەڵکانە بکرێتەوە کە زیانیان پێگەیشتووە، ئەمە جگە لەوەی (٩٨) خانوو تەقێنرایەوەو (٣٥٠) ماڵ بە تەواوەتی سوتێنرا، ماڵان تالانکرا.

*** خورماتوو پێگەی یەکێتییە، یەکێتی چیکردووە بۆ قەرەبوکردنەوەی خەڵکەکەی؟**

- ئێمە کەمپینێکمان دروستکرد، هەڤالانی مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی دارایی یەکێتی چەند کۆمپانیایەك لە رێگای تەکلیفی هەڤالانی یەکێتییەوە پارە بۆ ئەو کەمپینە کۆکرایەوەو هەروەها هەڤاڵ بافڵ تاڵەبانی هاوسەرۆکی یەکێتی بڕی (١٠٠٠) دۆلاری بەخشییە هەر خێزانێك کە خانووەکەی تەقێنرابووە، بەڵام ئەمە کافی نییە، چونکە خەڵکەکە لە ئێستاش لە سەنگەری بەرگری و پێشمەرگایەتین، ئەگەر خەڵك ئێرە چۆڵ بکات، کەرکوك و شوێنەکانی دیکە دەبنە سەنگەری پێشەوە، بۆیە پێویستە (ی.ن.ك) ئاگای لە دۆخی خەڵکی ئەم شارە بێت، لە دوای کۆنگرەش هەرچەندە هەنگاوی باش نراوە، بەڵام دەبێ ئاگای لە خزمەتگوزاری زیاتری شارەکە بێت و فشار بخاتە سەر حکومەتی هەرێم تا هاوکاری خەڵکەکەی بکات.

*** پێشتر گلەییتان هەبوو، کە ئەندامی سەرکردایەتیتان نییە، ئێستا دوو ئەندامی سەرکردایەتیتان هەیە، پلان و ستراتیژی دوای کۆنگرەتان بۆ خورماتوو چییە؟**

- لە دوای کۆنگرەوە من هاتومەتەوە ئێرەو لەگەڵ خەڵکەکەی خۆمان ماوینەتەوەو لەگەڵ ئازارو ناخۆشییەکانیان هاوبەش دەبین، فشاری باشمان کردووە لەسەر حکومەتی هەرێم تا خزمەتی ئەم شارە بکات، لەگەڵ ئەوەش پێویستە فشارەکان بۆسەر حکومەتی عێراقیش زیاد بکەین، چونکە خورماتوو سەربە پارێزگای سەلاحەددینە، لە ماوەکانی پێشوودا چوینە بەغداو لەگەڵ دکتۆر بەرهەم ساڵح، سەرۆك کۆماری عێراق کۆبوینەوەو بەڕێزیان قسەی لەگەڵ پارێزگاری سەلاحەددین کرد لەسەر کێشەکانی خورماتوو، وەك سەرکردایەتی یەکێتی لە دوای کۆنگرە دەچینە بەغداو لە دەرگای ئەوانە دەدەین کە دەسەڵاتیان هەیە، بۆ ئەوەی خزمەتگوزاری زیاتر بهێننە قەزاکەوە، هەروەها وەك یەکێتی دەمانەوێت برایەتی و پێکەوەژیان لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە دروست بکەین، بۆ بابەتی تەعریبیش ئێمە بە هەموو شێوەیەك روبەڕویان دەبینەوە.

*** بۆچی تا ئێستا نەتانتوانیوە ئاوارەکان بگەڕێننەوە؟**

- چەند هۆکارێك بۆ نەگەڕانەوەی ئاوارەکان هەیە، کاتێك خەڵك ئاوارە دەبێت ژیان لە شوێنێکیتر دەستپێدەکات و رەنگە بەشێکیان نەیانەوێت بگەڕێنەوەو لەگەڵ ئەو شوێنە راهاتوون، چونکە ئەمە سروشتی ژیانە، بەشێکیان لە هەندێ شوێنی دیکە گیرساونەتەوەو شوێنەکانیان لە خورماتوو خۆشترە، چونکە لە خورماتوو نە خزمەتگوزاری و هەیەو ژیانیشی لە مەترسیدایە، بەشێکیش لەو خەڵکانە هەژارو نەبوونن، نەیانتوانیوە خانووە رووخێنراوو سوتاوەکانیان چاك بکەنەوە، هەندێ هێزیش لە خانووەکانی گەڕەکی جەمیلە هەن و خانووەکانیان داگیرکردووە، لە راستیدا نەمانتوانیوە دەریان بکەین.

*** واتا دەسەڵاتی ئەوەتان نییە ئەو خانوانە بە شێوەی دیبلۆماسی یا بە فشاری جەماوەری وەربگرنەوە؟**

- فشاری زۆرمان کردووەو هەوڵی زۆریشمان داوە، ئومێد دەکەم بگەینە ئەنجام.

*** دوای ریفراندۆم لە دەستدانی پۆستی قایمقام بوو، یەکێتی چیکردووە بۆ وەرگرتنەوەی ئەو پۆستە؟**

-ئەگەر پۆستی قایمقامیشمان بدەنەوە لە ئێستادا، ناتوانین بەڕێوەی بەرین، چونکە هاوسەنگی هێز تێکچووە، پێشتر وەك کورد هەیبەتی خۆمان هەبوو، ئەگەر غەدر لە فەرمانبەرێکی کورد بکرایە، دەماتوانی بەرگری لێ بکەین، ئێستا کەسانێك لە نەتەوەکانی تر هەن، کە هەر کەسێك بچێتە ئەو شوێن و پۆستانە کێشەی بۆ دروست دەکەن.

*** یەکێتی لە بەغدا دەسەڵاتی هەیە، بۆچی ناتوانێت لێرە بەرگری لە کەسەکانی خۆی بکات؟**

- لە دوای کۆچی سەرۆك مام جەلال، دەسەڵاتی بەغدامان وردە وردە پاشەکشەی کردووە، راستە بەشێکین لە دەوڵەتی فیدراڵ، بەراشکاوی دەیڵێم ئەو دەسەڵاتەمان نییە، کە لە دوای ۲۰۰۳ هەمان بوو، تەنانەت سەرۆك کۆماریش ئەو دەسەڵاتەی نییە کە پێشتر هەبوو.

*** پێتوانییە خۆمان دەسەڵاتەکان مومارەسە ناکەین، بۆچی سەرۆك مام جەلال توانیبووی هاوسەنگی رابگرێت و دەسەڵاتەکانی خۆشی بە زیادەوە بەکار دەهێنا؟**

- من لە رۆڵی دکتۆر بەرهەم و دکتۆر فوئاد مەعسوم کەم ناکەمەوە، بەڵام سەرۆك مام جەلال لە هەر کوێ بیویستایە دۆخێکی دروست دەکردو ئەوەی بیویستایە بە دڵی خۆی دەبوو، با هەموو شتەکانیش لە پۆستی سەرۆك کۆمار چڕ نەکەینەوە، خۆ کورد وەزیرو ژمارەیەك پەرلەمانتارو بەڕێوەبەری گشتی هەیە، بەڵام لە دوای لێکەوتەکانی ریفراندۆمەوە حاڵەتێك دروستبووە، کە حکومەتی هەرێم و کورد بە گشتی بە جۆرێکی دیکە تەماشا دەکرێت، ئێستاش یەکێتی دەیەوێت جارێکیتر ئەو پەیوەندییەی پێشوو هەبوو دروست بکاتەوە.

بە سپۆنسەری دەزگای میدیایی کەرکوک

یەکەمین کۆڕبەندی نیشتمانی بۆ ریفـــۆرمی میدیایی لەهەرێمی کوردستانی عێراق بەڕێوەچوو

ڕۆژی شەممە ١٠ی تەموزی ٢٠٢١، لەهۆڵی داوا لەناوچەی قلیاسانی شاری سلێمانی، بەئامادەبوونی بەرپرسانی حکومی و حزبی و توێژی ئەکادیمی و رۆژنامەوانان، کارەکانی یەکەمین کۆڕبەندی نیشتمانی بۆ ریفۆرمی میدیایی لەهەرێمی کوردستانی عێراق لەلایەن رێکخراوی چاودێریی میدیای کوردی (چمك) بە سپۆنسەری دەزگای میدیایی کەرکوك بەڕێوچوو.

کۆڕبەندەکە کە لە چوار پانێل پێکهاتبوو، لەسەعات ١٠ی بەیانی بە وتاری هەریەك د. هەڤاڵ ئەبوبەکر، پارێزگاری سلێمانی و شوان داودی، سەرپەرشتیاری دەزگای میدیایی کەرکوك و د. شوان ئادەم ئەیڤەس رێکخەری گشتیی کۆڕبەندی نیشتمانی بۆ ریفۆرمی میدیایی دەستپێکرد.

پانێڵی یەکەم، لەژێر ناونیشانی سەبارەت بە ریفۆرمی میدیایی لەنێوان ناوەندێتی و ناناوەندێتی حزبیدا، کە لەلایەن رەنگین عەبدولا، پانێڵەکە بەڕێوەبردرا، بەمیوانداری هەریەکە لە ستران عەبدولا، سەرپەرشتیاری مەکتەبی راگەیاندنی (ی.ن.ك) و محەمەد ئەحمەد، لێپرسراوی تۆڕی میدیایی کۆمەڵ و ئاسۆ حەمید لێپرسراوی تۆڕی میدیایی یەکگرتوو و دلێر عەبدولخالق رێکخەری ژووری رۆژنامەوانی بزووتنەوەی گۆڕان، تێیدا قسەکەران چوار بابەتیان لەسەر ریفۆرمی میدیایی لە روانگەی حزبەکانی خۆیانەوە باسکرد.

هەروەها پانێڵی دووەمی کۆڕبەندەکە، بەناونیشانی ریفۆرمی میدیایی لەنێوان رێکخستنی یاسایی و رێسای پیشەییدا، لەلایەن د. کامەران قادرەوە بەڕێوەبردرا، بەمیوانداری هەریەکە لە د. محەمەد مەحوی بەناونیشانی ریفۆرمی میدیایی لە فەرهەنگ و رێزمان و نوسین و قسەکردندا و د. سامان فەوزی، ریفۆرمی میدیایی لە نێوان پەکخستن و رێکخستنی یاساییداو د.ژیا عەباس، ریفۆرمی میدیایی لە رووماڵکردنی پرسە ناباوەکانی کۆمەڵگەداو د. سادق حەمەغەریب، ریفۆرمی میدیایی لە ماڵپەرە هەواڵی و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا، بابەتەکانیان خستەڕوو.

پانێڵی سێیەمی کۆڕبەندەکەش تایبەت بوو بە ریفۆرمی میدیایی لەنێوان پەروەردەو خوێندنی باڵادا، لەلایەن بەسۆز تۆفیقەوە بەڕێوە چوو، بە میوانداری هەریەکە لە د. ئیبراهیم سەعید، بەناونیشانی ریفۆرمی میدیایی لە ژینگەی کارکردنی میدیاییداو د. هەتاو حەمە ساڵح، بەناونیشانی ریفۆرمی میدیایی لە راستکردنەوەی وێنای شێواوی مێینەداو د. ئاراز رەمەزان، بەناونیشانی ریفۆرمی میدیایی لە بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی پەیامی میدیاییدا و د. ئەحمەد ئۆمەربلی، بەناونیشانی ریفۆرمی میدیایی لە خوێندنی باڵاو توێژینەوەی میدیاییدا، بابەتەکەیان پێشکەشکرد.

پانێڵی چوارەم و کۆتایی کۆڕبەندەکەش، تایبەت بوو بە ریفۆرمی میدیایی لەنێوان سانسۆرو ئازادیی ژینگەی کارکردنداو لەلایەن گۆران فەتحی بەڕێوەچوو، تێیدا هەریەکە لە تاریق جەوهەر، بەناونیشانی پەرلەمانی کوردستان و رۆڵی لە ریفۆرمی میدیای یاسا بەرکارەکانداو کاروان ئەنوەر بەناونیشانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و داکۆکیکردن لە پێویستی ریفۆرمی میدیایی بابەتەکەیان پێشکەشکرد. هاوکات لە پانێڵەکاندا ، ئامادەبوان بە پرسیارو سەرنجەکانیان زیاتر کۆڕبەندەکەیان دەوڵەمەندکردو لە سەعات ٠٥:٣٠ی ئێوارەو بەخوێندنەوەی راسپاردەکان؛ کۆتایی بە کارەکانی یەکەمین کۆڕبەندی نیشتمانیی بۆ میدیای کوردیی هات.

وتاری شوان داودی، سەرپەرشتیاری گشتی دەزگای میدیایی کەرکوك لە کۆڕبەندەکە

ئامادەبووانی خۆشەویست
میوانە بەڕێزەکان
نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان
رۆژنامەنووسو نوێنەرانی دەزگاکانی راگەیاندن
مامۆستاو پسپۆڕانی بواری میدیا

بەناوی (دەزگای میدیایی کەرکوك)ی سەر بە مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەخێرهاتنی هەموو لایەکتان دەکەم و سوپاسی ئامادەبوون و بەشداریکردنتان دەکەم لەو کۆڕبەندییە نیشتمانیەی کە بۆ ریفۆرمی میدیایی وەك پرۆژەو دەستپێشخەرییەك لەلایەن رێکخراوی (چاودێری میدیای کوردی)ەوە لەپێناو سەرپێخستنی ریفۆرمی میدیای کوردستانی خرایەڕوو، راستیەکەشی هەم دەستپێشخەرییەکە لە جێی خۆی بوو، هەمیش قسەکردن لەسەر ریفۆرمو چاکسازیی میدیایی بۆتە پرسێکی گرنگو جێی بایەخ، چونکە رۆژ بە رۆژ لەگەڵ گەشەسەندنی زیاتری بواری تەکنۆلۆژیای پەیوەندییەکان و دەرکەوتنی دیاردەو بەخششی نوێی ناو جیهانی میدیا ئاستەنگو کێشەکان زیاترو گەورەتر دەبنو ئەگەر میدیای کوردی لەگەڵ ئەو واقیعە نوێیەدا خۆی نەگونجێنێ، بەدڵنیاییەوە هەم لە کاروانەکە دوور دەکەوێتەوەو هەمیش پرۆسەی بەرهەمهێنانو هەناردەکردنی میدیاییش توشی ئاستەنگی هەمە چەشنە دەبێتەوە، وەك ئەوەی ئێستا میدیای کوردی تێیکەوتووەو بۆ راستکردنەوەی پێویستی بە ریفۆڕمێکی گشتیو هەمەلایەنە نیە، ئەمڕۆش کە نوێنەرانی دامەزراوە میدیاییەکانو کەسانی ئەکادیمی لەبارەی بایەخی ریفۆڕمی میدیاییەوە قسە دەکەنو راڤەی رەهەندە هەمە لایەنەکانی پرۆسەی ریفۆرمی میدیایی دەکەن، بەڵگەی ئەوەیە کە میدیای کوردی لە تەنگژەدایەو پێویستی بە ریفۆڕمو چاکسازییەکی ریشەیی هەیە.

ئامادەبوانی خۆشەویست:

دیدو دیدگای یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ میدیا نەگۆڕو جێگیرەو نەك تەنها وەك چوارچێوەی بەها ئامێزو بیروباوەڕ لە یادگەی هەموو یەکێتیەك رەنگیداوەتەوە، بەڵکو بۆتە فەرهەنگو کەلتورێکی بەجێماویش کە چوارچێوەکەی مام جەلالی رۆژنامەنووسو رابەر نەك هەر بۆ یەکێتییەکان بەڵکو بۆ تەواوی رۆژنامەنووسانی کوردستان کردویەتیە فەرهەنگو لەو ئیدیۆمەدا خۆی بەرجەستە دەکات، کە بنووسنو رەخنە بگرنو لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوی بکەنەوە، ئەو کەلتورە دەوڵەمەندەی مام جەلال وەك میراتێکی گەورە بۆ ئازادی رۆژنامەنووسی، بۆ بەرپرسیارێتی نوسین، بۆ رووماڵی سەنگین دایهێناوە، ئێستاش لە جاران زیاتر پێوەی پابەندینو لەدوای کۆنگرەو لە قۆناغی نوێبوونەوەدا بەجۆرێکی تر کاری لەسەر دەکەینەوە، بەتایبەت لە ئێستادا کە میدیای کوردی لەهەموو کات زیاتر پێویستی بەو فەرهەنگو بەرپرسیاریەتیو دووربینیە هەیە.

میوانانی بەڕێز:

هاوبەشیکردنو پشتیوانی رێکخراوی چاودێری میدیای کوردی لە بەستنی ئەو کۆڕبەندەو چالاکیەکانی دواتریاندا، ئەگەر دیوێکی پەیوەندی بە پرۆژەو دەستپێشخەرییە نایابەکەی ریفۆرمی میدیاییەوە هەبێت، ئەوە دیوەکەی تری پەیوەستە بە بایەخی دروستکردنی رایەڵێکی بەهێزتر لەنێوان دامەزراوە میدیاییەکانو رێکخراوەکانی پەیوەست بەو بوارە، گرێدراوی سەرلەنوێ دیزاینکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان دەزگاکانی راگەیاندنو چوارچێوەو رێکخراوەکانی تایبەت بەکاری رۆژنامەنووسیەو لەمەودواش لەپێناو بنیادنانی ئەو پەیوەندیو رایەڵە هەم دەزگای میدیایی کەرکوكو هەمیش مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەو پشتیوانیو پاڵپشتیانە درێغی ناکاتو بە هەموو جۆرێك هەوڵدەدات لەسەرپێخستنی ریفۆڕمو گۆڕانکاریی ریشەیی، لە تێپەڕاندنی تەنگژەو ئاستەنگەکانی بەردەم میدیای کوردی هاوبەشو پشتیوان بێت، بەو جۆرەش دەتوانین ئەو دابڕانو فەرهەنگی یەکتر نەخوێندنەوە رەتبکەینەوەو هەموومان بەیەك پاکێجی گشتگیر، بەمیدیای حزبیو ئەهلییەوە، بە خەڵکانی سەربەخۆو پابەندی حزبییەوە ژینگەیەکی میدیایی تەندروست بنیاد بنێینو لەوە زیاتر لە بازنەیەکی بچووكو داخراودا خول نەخۆین، لەو پێناوەشدا دەستی ئێمە بۆ هاوکاریو پاڵپشتی هەمیشە کراوەیەو لە هیچ هەنگاوێك درێغی ناکەین.

جارێکی تریش بەخێرهاتنتان دەکەمو سوپاسی ئامادەبوونتان دەکەم.

الرئيس المستقيل لفرع كركوك لنقابة الصحفيين محمد حسين الداغستاني :

الفرع كان وطنيا بامتياز ومثل مكونات المحافظة بجدارة

اجرى اللقاء / رزكار شواني

رائد صحفي قدم عطاء كبيرا للصحافة العراقية والكركوكية على حد سواء.. بدأ في الصحافة منذ العام ١٩٦١ مراسلا ثم محررا ثم مديرا للتحرير واخيرا رئيسا للتحرير .

وفي العمل النقابي كان ممثلا للنقابة في كركوك ثم عضوا في الهيئة الإدارية لفرع الشمال ثم أسس مع عدد من زملائه الرواد فرع كركوك لنقابة الصحفيين العراقيين و انتخب بإجماع الأصوات للهيئة العامة رئيسا له وبقي في رأس الفرع الي يوم قبول استقالته بطلب شخصي قبل فترة قصيرة.

سجله المشرف في نقابة الصحفيين العراقيين يؤكد نزاهته واخلاصه في العمل الصحفي لما قدم من جهد متميز و تفان في مشهد السلطة الرابعة ، انه الرائد الصحفي الاستاذ محمد حسين الداغستاني الرئيس المستقيل لنقابة الصحفيين العراقيين فرع كركوك الذي حل ضيفا عزيزا لمجلة TV للحديث عن الدور المهني الذي لعبه فرع النقابة منذ تاسيسه وحتى يوما هذا .

*** نبذة عن البدايات التاسيسية لنقابة الصحفيين العراقيين فرع كركوك ؟**

- تأسس فرع كركوك لنقابة الصحفيين العراقيين في العام ٢٠٠٨ وكانت قبل تأسيسه ممثلية تابعة لفرع الشمال عندما كان نظام الفروع وفق صيغة المناطق هو السائد مثل فرع الشمال وفرع الجنوب وفرع الوسط وهكذا، ثم وجب التغيير بعد العام ٢٠٠٣ تشكيل فرع لكل محافظة وذلك بالنظر للتحول الكمي الكبير الذي حصل في إعداد القنوات الفضائية والمحلية والصحف والمجلات.

وكانت البداية متواضعة حيت اشترك في الدورة الأولى للانتخابات في كركوك التي جرت بقاعة السلام وحضرها (١٨) زميل وزميلة وكانت تشكل اعضاء الهيئة العامة . فيما يبلغ الآن عدد الزملاء المشاركين والمتمرنين والمتمرسين اكثر من ١٢٥ عضوة وعضوا. وهذا تطور نوعي كبير.. خاصة أن حرصنا كان يتركز على المهنية وقبول إنتماء المحترفين.

من الضرورى الإشارة الى ان أول هيئة إدارية للفرع في تاريخ الصحافة بكركوك والتي حازت على ثقة الهيئة العامة في الانتخابات التي جرت بإشراف الأستاذ مؤيد اللامي نقيب الصحفيين العراقيين ورئيس اتحاد الصحفيين العرب في قاعة السلام بمدينة كركوك في ٢٠٠٨/٩/١٨ كانت متكونة من الزملاء محمد حسين الداغستاني رئيسا للفرع وعباس البياتي ورزكار الشواني والراحلان الشهيد محمد ثابت وحسن العبيدي.

*** الــدور الــذي لعبه فــرع النقابة في كركوك ؟**

- للحديث عن دور الفرع فإنني استطيع التأكيد على نجاحه الباهر في تخطي الانتماء على اساس القومية او الدين او الطائفة وبذلك فالفرع كان وطنيا بإمتياز ومثل مكونات العراق كافة بجدارة . كما وأن الفرع استطاع أن يرسخ علاقة متكافئة بين الصحفي وبقية قطاعات مجتمع كركوك وكان موضع تقدير واحترام، ولكي نبتعد عن المثالية المطلقة فلقد كانت هناك حالات اعتداء وتجاوز على عدد من الصحفيين في الميدان فعملنا على عقد مؤتمر نوعي كبير لكل دوائر القوات الأمنية في كركوك بالتنسيق مع القسم القانوني لرئاسة جامعة كركوك لتبصير كافة الجهات بالتبعات القانونية التي تواجه من يعتدي على الصحفي خلال أدائه لواجبه.. كما وحرصنا على تنظيم سلسلة من ورش العمل والــدورات حول مهارات العمل الصحفي والتآلف الوطني في كركوك وحرية الرأي والرأي الاخر اشترك فيها قادة العمل الاعلامي والصحفي في المـحافظة من مختلف المـكونات وبحضور لافت من مكتب الأمم المتحدة في كركوك.

ومن الـعلامات المضيئة خـلال مسيرتنا المهنية حرصنا على الوقوف في مسافة واحدة من كل الأطـراف وتمتين صلاتنا مع المنظمات والمؤسسات الاعلامية بشتى إتجاهاتها وفي المقدمة منها فرع كركوك لنقابة صحفيي كوردستان والذي كانت علاقاتنا المشتركة طيلة الأعوام السابقة مبعث فخر وإعـجاب ومثالا للتكامل الصحفي والاعلامي لخدمة زملائنا.

*** المعوقات التي تعترض مسار عمل الفرع منذ تاسيسه وحتى اليوم ؟**

- ليس هـنـاك نـشـاط أو عمل يخلو من المصاعب والتحديات.. وهكذا الحال مع فرعنا.. لكنني أشير بشكل خاص إلى التعامل غير المنطقي للحكومات المحلية ومجالس المحافظة والتي انعكست على تجاهل حقوق أعضاء النقابة طيلة السنوات الماضية وخاصة فيما يتعلق بملف الأراضي الذي بقي دون حسم واصبحت كركوك المحافظة الوحيدة في العراق التي حرم فيها الصحفيون من حقهم القانوني والدستوري لدواع ومبررات غير صحيحة.

ومن الصعوبات أيضا ان الفرع لا ميزانية شهرية او سنوية له من قبل المركز العام كـمـا إنـنـي وزمـلائـي فـي الـهـيـئـة الإدارية وأصلنا عملنا النقابي طوال اثنا عشر عاما دون أن نتقاضى راتبا او مخصصات او اية مكافاة على عكس زملائنا في مجلس النقابة ببغداد. ولكي نحافظ على استقلالية الفرع فإننا رفضنا كل العروض التي قدمت لنا من بعض الأطراف للعمل بمعيتها مقابل مغريات كبيرة.

> **وجدت نفسي في مفترق طرق وكان علي اختيار الصحيح**

*** لماذا قدمتم الاستقالة في الوقت الـذي كـان فرع النقابة في كركوك بامس الحاجة لدوركم المهني ؟**

- اشكرك على حسن ظنك كما واشكر الأسرة الصحفية في كركوك التي لم تكن راضية عن الاستقالة وابدت مشاعر وعواطف أثلجت كاهلي لكنني وجدت نفسي في مفترق طرق وكان علي اختيار الصحيح. فقد وجدت انه من الصعوبة ان أكون جديرا بمنصبي دون أن يتفاعل معي المركز العام أو الحكومة المحلية بوعودها المتكررة دون أن تكون جادة بالايفاء بها في إعانة الفرع على حل معضلاته وحقوق أعضائه فضلا من أن إعـطـاء الفرصة للآخرين وخاصة زملائنا الشباب لكي يمارسوا دورهم القيادي واجب وضروري . ولا تنس إنني كنت مضطرا للانقطاع عن العمل بسبب سفري المتكرر للعلاج في خارج العراق.

*** كيف تنظرون لواقع الصحافة والاعلام في كركوك ؟**

- واقـع الصحافة والاعـلام في كركوك يتسم بجملة من الملاحظات من أبرزها .. إن اعداد مدعوا الصحافة كبير وهائل ولا علاقة له بالواقع والحقيقة.. لكي اكون واضحا فـأن هـنـاك حـوالـى ثـلاثـة آلاف شخص يحملون الهوية الصحفية والإعلامية فـي كـركـوك مـبـأسـمـاء جـهـات لا تمت للصحافة من قريب أو بعيد وعلى سبيل التباهي فقط دون أن تكون لهم اية علاقة بالصحافة والاعـلام .. استعرض معي اخي رزكار المؤسسات الصحفية في كركوك تجدها لا يتجاوز أصابع اليدين.. حسنا أين يعمل كل هـؤلاء؟ ولا شك أن وجودهم في الساحة الصحفية والإعلامية أثر سلبا على زملائنا المحترفين والمهنيين بالنظر لاحتكاكهم مع أطراف المجتمع وهم في أغلبهم لا يملكون قاعدة ثقافية او اعلامية. والحقيقة ان الصحفي مصدر إشعاع وفكر. ومع هذا فإن فرع النقابة بذل جهدا كبيرا لفضح المنظمات الوهمية و بشكل منتظم.

ومـن مـلاحـظـاتـي لـلـواقـع الاعـلامـي والصحفي ان هناك استغلالا غير منصف لجهود الكثير من العاملين خاصة في مكاتب الفضائيات المركزية دون صرف أجـور مـقـابـل هـذه الـجـهـود.. وفـي افضل الأحيان تصرف للعاملين لديها من المراسلين والمصورين اجورا شحيحة ومقاربة للمجان وكأننا نعود إلى عصور السخرة.

ومـن مـلاحـظـاتـي انـنـا فـي مؤسساتنا الاعـلامـيـة والـصـحـفـيـة بـحـاجـة ماسة إلى الـمـلاك الصحفي والاعـلامـي المختص.. فأغلب العاملين هم من الموظفين اومن الملاك التعليمي أو من الهواة.

لهذا فإني أدعو وبقوة الاستفادة من خريجي قسم الإعـلام فـي كـلـيـة الآداب بجامعة كركوك.. فهؤلاء الشباب وبعد زجهم في دورات وورش يمكن أن يكونوا طليعة للصحفيين القادرين على أحداث تغيير فعلي في ميدان الصحافة والاعلام.

*** اخيرا ماذا تود ان تضيف ؟**

- كلمتي الأخـيـرة إنـنـي أدعـو زميلاتي وزملائي إلى مواصلة الطريق لتعزيز واقع مهني مستقل مهما كان الثمن وادعوهم إلى التكاتف والإصرار على لفظ الطارئين من بين صفوفهم والـحـرص على مهنية فرعهم والوقوف بقوة أمام محاولات إشاعة الانتماء دون قاعدة حرفية ووفق الضوابط المـركـزيـة حـمـايـة لـلـوسـط الـصـحـفـي من الـدخـلاء.. واستقطاب الشباب العامل فعلا في المجال الصحفي والإعلامي نحو الانتماء للنقابة فهي فعلا البيت الشرعي التأريخي لكل الـزمـلاء العاملين فـي هـذا الميدان المقدس.

حەویجە، لە سەبەتەی خۆراکی عێراقەوە بۆ خاڵیبونەوەی سەبەتەی خۆشی

قەزای حەویجە، دەکەوێتە باشوری خۆرئاوای پارێزگای کەرکوکەوە، دانیشتوانەکەی سەرجەمیان لە پێکهاتەی عەرەبی سونە مەزهەبن، بەهۆی بەپیتی خاکەکشییەوە دانیشتوانەکەی سەرقاڵی ئاژەڵداری و کشتوکاڵی و ئاودێرین، هەر بەو هۆیەشەوە لە رابردوودا نازناوی سەبەتە خۆراکی عێراقی لێنراوە.

لە چەند ساڵی رابردوو قەزاکە بەهۆی داگیرکردنی لەلایەن تیرۆریستانی داعش و شەڕوماڵوێرانی دانیشتوانەکەی، بوە هۆی ئەوەی زیانێکی زۆری لەژێرخانی ئابوریەکەیدا، بەڵام خاکە بەپیتەکەی وایکرد کەنەتوانرێت نازناوی (سەبەتەی خۆراکی عێراق)ی لێوەربگیرێتەوە، لەئێستادابەشێکی زۆرلەخەڵکی قەزاکە پشتیان بەکشتوکاڵ وئاژەڵداری بەستووە تائاستێکی باشیش توانیویانە لەڕوی سەوزە ومیوەوە بازاڕی پارێزگاکانی دیکەش پڕبکەنەوە، بەڵام هێشتا بۆبەردەوامی و بەرەودان بە بەرهەم هێنانی زیاتر پێویستیان بەپاڵپشتی حکومەتە، وەك جوتیارانی ئەو سنوورەش، لە راپۆرتێکی کەناڵی ئاسمانی کەرکوك باسیان لەوەکرد: دەناڵێنین بەهۆی پاڵپشتینەکردنمان لەلایەن حکومەتەوە.

یەکێك لە جوتیارەکانی حەویجە، ئاماژەی بۆئەوەکرد: بەهۆی بێ بازاڕی و هاوکارینەکردنی لایەنی پەیوەندیدار وای لێهاتوە بەرهەمەکان کەس نایەوێت مەگەر فڕێی بدەین، کەچی کیسێکی پەینی کیمیاوی بە (٧٠) هەزار دینارەو لەبەرامبەریشدا کیلۆیەك تەماتەی خۆماڵی بە ١٠٠ دینارە، بۆیە پێویستە حکومەت پشتگیری و پاڵپشتیمان بکات و هەر هیچ نەبێت پەینی کیمیاویەکەمان بۆ دابین بکات تا بتوانین بەرهەمی باشتر بخەینە بازاڕەکانەوە.

قەزای حەویجە لە ساڵی ٢٠١٤ لەلایەن تیرۆریستانی داعش داگیرکرا و بەشێك لە دانیشتوانەکەی هەڵهاتن و روویان لە کەرکوك کرد، تا لە ساڵی ٢٠١٧ لە رێگای ئۆپراسیۆنێکەوە ئازادکرا و بەشێك لە دانیشتوانەکەی گەڕانەوە زێدی خۆیان.

بەڵام لەدوای ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانیان، جوتیاران، نایشارنەوە کە حکومەت نەیتوانیوە وەك پێویست ئاوڕ لە جوتیاران بداتەوە و شایستە داراییەکانی ساڵی ٢٠١٤یان بۆخەرج بکرێت، چونکە حەوت ساڵە لەچاوەڕوانی خەرجکردنی ئەو شایستەیدان.

لەدوای رزگارکردنی حەویجەوە لە ساڵی ٢٠١٧ وە دانیشتوانەکەی بەدەست نەبونی پاڵپشی حکومەتەوە دەناڵێنن لەئێستاشدا رێژەی بەرهەمی هاوینە لە ١٠٪ کەمی کردووە کەچی پێشترلە ٨٠٪بوو.

ئەمەش بەوتەی جوتیارانی سنوورەکە،قەزاکەیان ناوچەیەکی کشتوکاڵییە لە ٧٥بۆ٨٠٪ ی خەڵکەکەی بژێوی ژیانیان لەسەر کشتوکاڵ وئاژەڵدارییە، لەساڵانی پێشوودا لەقەزاکە (٩٠٠) هەزارتۆن لەگەنم وگەنمە شامی بەرهەم دەهێنرا ، بەڵام لەدوای ئەو رووداوانەی بەسەر قەزاکەدا هاتووە و بەهۆی کەمتەرخەمی حکومەتەوە بەرهەمەکانیان کەمی کردوەو بەرهەمی هاوردە بازاڕەکانی داگیکردوە و جێگەی بەبەرهەمی خۆماڵی لەق کردووە.

هەروەك دەڵێنیش، جگە لەکەمێك هاوکاری و پاڵپشتی و دابینکردنی پەینی کیمیایی و دابینکردنی شایستە داراییەکانی خۆمان هیچی دیکەمان لە حکومەت ناوێت.

گەرماوەکەی کفری بێناز دەبێت

قەزای کفری یەکێکە لەو قەزایانەی چەندین شوێنەواری مێژوویی تێدایە، بەڵام بەهۆی پشتگوێخستنییەوە، نەتوانراوە بایەخی پێبدرێت و لەئێستاشدا، پێوستی بەنۆژەنکردنەوە و ئاوڕلێدانەوە هەیە، یەکێك لەوشوێنەوارە دێرینانەش گەرماوە بەناوبانگەکەی کفریە.

گەرماوەکە، مێژووی دروستکردنەکەی دەگەڕێتەوە بۆسەرەتای سەدەی نۆزدەهەم و بەوتەی دانیشتوانی شارەکەش، تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٤ ئەم گەرماوە کاری کردووەو تائێستاش کەرەستەکانی نێو بیناکەی پارێزراون.

هونەرمەندانی شارەکە، بەمەبەستی پاراستنی شوێنەوار و کلتوری شارەکەش هونەرمەندان هاوشێوەی گەلەری تابلۆ هونەریەکانی تێدا نمایشدەکەن، تا لەرێگای سەردانیکردنی وەفدە بیانییەکان و میواندەکانی دەرەوەی کفری زیاتر بە شوناس و کلتوری شارەکە ئاشنابن.

گەرماوەکە لە ئێستادا بۆتە جێ بایەخی ئەو میوانانەی کە سەردانی کفری دەکەن و بەیەکێك لە دێرینترین شوێنەوارەکانی کفری دادەنرێت، هەروەك تاکە گەرماوە لە هەرێمی کوردستان کە لەژێر زەوی بونیادنرابێت.

لای خۆشیەوە بەڕێوەبەری شوێنەواری شارەکە، داوا دەکات حکومەت بەهانای شوێنەوارەکانی قەزاکە بچێت و لە فەوتان بیانپارێزێت. عوبێد محەمەد ، بەڕێوەبەری شوێنەواری کفری، رایگەیاند: بەهۆی کۆنی شوێنەوارەکە و ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر کەشوهەوادا هاتووە، ئەگەری داڕووخانی هەیە.
هاوکات ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: بەسوپاسەوە رێکخراوی هاوکاری گەرماوەکەی لە رووخان پاراستوە و بەڵام پێویستە حکومەتی هەرێمیش هەنگاوی جدی لەوبارەیەوە بنێت، چونکە گەرماوەکەی کفری تاکە گەرماوە لە کوردستان کە لە ژێر زەوی بونیادنرابێت و خاوەن مێژوویەکی دێرینە و یەکێکە لە پێناسەکانی ئەمە شارە.
عوبێد محەمەد، راشیگەیاند: وەفدە بییانیەکان و میوانەکان سەردانی کفری دەکەن و دێنە ئەم گەرماوە کە مێژوویەکی دێرینی هەیە بۆ ئەو مەبەستەش کە تابلۆکانی تێدا دانراوە باشتر شارەزادەبن لە مێژووی و کلتوری شارەکە.

هاوڵاتیان و خەمخۆرانی کلتور و شوێنەوارەکانی کفرییش، نیگەرانن لە داڕووخانی شوێنەوارە دێرینەکان، و دەڵێن: کفری خاوەنی چەندین شوێنەواری دێرینە بەڵام بەهۆی خزمەتنەکردنیەوە، واخەریکە ناسنامەی شارێك کاڵ دەبێتەوە و هیچ کەس و لایەنێکیش خۆی بەخاوەنی نازانێت.

قەزای کفری بەیەکێك لە دێرینترین قەزاکان دادەنرێت و خاوەنی چەندین ناوچە و شوێنی کۆن و کلتووریە، لەوانە قەیسەری و بازاڕی کۆن وتەقالتیەکەو چەندین شوێنی دیکە، بەڵام بەهۆی هاوشێوەی گەرماوەکە بەهۆی خزمەتنەکردنیانەوە وردە وردە بەرەو لەناوچوون دەچن.

بەپێی وتەی هاوڵاتیانی ئەو قەزایە، تاوەکو ساڵی ٢٠٠٤ گەرماوەکەی کفری بەردەوام بووە لە کارکردن، بەڵام ئیدی لەو کاتەوە بێناز کەوتووە.

وەك عوبێد محەمەد، بەڕێوەبەری شوێنەواری شارەکە، ئاماژەی بۆکرد: لەکۆندا قەزای کفری سێ کارێزی بەناوبانگی تێدابووە و پێش ئەوەی دەسبکرێت بە درووستکردنی گەرماوەکە، لە رێڕەوی ئاوەکەیان بۆ گەرماوەکە داناوە.

بەوتەی هاوڵاتیانی کفری، تائێستا چەندین لێپرسراوی حکومەی بەڵێنی پاراستن و نۆژەندکردنەوە گەرماوەك و شوێنەوارەکانی دیکەیان داوە، بەڵام تائێستا هیچ بەڵێنیکیان نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە.

هونەرمەند شیلان عوسمان بەیەکجاری لە گۆرانی وتن دوردەکەوێتەوە

خانمە هونەرمەندی گۆرانیبێژ، شیلان عوسمان لە ساڵی ١٩٨٠ لە سلێمانی لەدایکبووە، لە ساڵی ١٩٩٥ـەوە دەستی بە کاری هونەری کردووەو خاوەنی چەند ئەلبومێکی هونەرییە، یەکەم بەرهەمیشی لە ساڵی ١٩٩٧ بەناوی(ئەستێرە باران) تۆمارکردووەو بۆماوەی چەندین ساڵیش ئەندامی گروپی کیژانی سلێمانی بووە، لە ساڵی ٢٠١٧ کۆتا بەرهەمی بەناوی (کۆچ) بڵاوکردەوە.

شیلان عوسمانی هونەرمەند، ساڵی ٢٠٠٣ لەگەڵ هونەرمەند (جەنگین جەمال) ژیانی هاوسەری پێکدەهێنێت و خاوەنی سێ کچن بە ناوەکانی (هێلین، بارین و نینا) و لەئێستادا پێشکەشکاری بەرنامەیەکی هونەرییە لەیەکێك لەرادیۆکانی شاری سلێمانی .
ئەو خانمە هونەرمەندە، لەدیمانەیەکی تایبەتی کەناڵی ئاسمانی کەرکوکدا و لەگەڵ پێشکەشکار (فارس نەوزاد) رازو گلەییەکانی رۆژگاری ئەمرۆ لەبەرامبەر هونەری کوردی دەخاتەڕوو، هاوکات لە دیمانەکەدا وازهێنانی یەکجاری خۆی لەهونەری گۆرانی وتن رادەگەیەنێت.

سەبارەت بە هۆکارەکی وازهێنانەکەشی، رایدەگەیەنێت: بەداخەوە هونەری کوردی هیچ رەسەنایەتییەکی تێدا نەماوە،

وەکو هونەرمەندانی جیلی پێش ئێستا پەراوێز خراوین

ئێمە وەکو هونەرمەندانی جیلی پێش ئێستا پەراوێزخراوین و سپۆنسەرمان بۆکارەکانمان نییە، ئەمەش بۆتە گەورەترین لەمپەر لەبەردەم ئەنجامدان و بەردەوامبونمان لەکاری هونەری .
دەشڵێت: هەموو ئەو کەمتەرخەمی و پەراوێزخستنە لەئەستۆی وەزارەتی رۆشنبیری و حکومەتدایە کەبەداخەوە لەئێستادا کاری باش و پشتگیری کەسانێك

دەکەن کە تازە هاتونەتە نێو هونەرەوەو لەچاو ئێمەومانان ئەو ئەزمونەیان نییە لە هونەری کوردی بەتایبەت گۆرانی وتن.
ئەوشیخستەڕوو: هونەر هیچی پێ نەبەخشیوە جگە لەبارگرانی و قورسترکردنی ژیانی.
لەبەشێکی دیکەی دیمانەکەدا، خانمە هونەرمەند شیلان عوسمان باس لە سەرەتای کاری هونەری خۆی دەکات و دەڵێت یەکەمجار لەڕێگەی کۆرسەوە هاتمە نێو دنیای گۆرانی وتنەوەو پاشان هەوڵمدا بەرهەمی خۆم هەبێ و دواتر چەن بەرهەمێکم تۆمار کرد کە یەکەم بەرهەمم بەناوی (ئەستێرە باران) بوو، تائێستاش لەهزری هەوادارنم ماوەتەوە.

سەبارەت بە پشتگیریکردنی خانەوادەکەی لەکارەکانیدا ئەو خانمە هونەرمەندە دەڵێت: خانەوادەکەم بەگشتی و دایکم بەتایبەت پشتگیرییەکی باشیانکردووم بەجۆرێك دایکم بۆ هەموو کارەکانم هاوکارم بووەو تەنانەت بەهۆی ئەوەی کە دەستی نوسینی هەبووە لەبواری نوسینی هۆنراوەدا، هۆنراوەی بۆ چەند بەرهەمێکم نووسیوە.
هەروەها ئەو هونەرمەندە باس لە رۆڵی هاوسەرەکەی دەکات لە کارەکانیداو دەڵێت: زۆر سوپاسی هاوسەرەکەم دەکەم کە وەك میوزیك ژەنێك بەردەوام لەگەڵم بووەو یارمەتی داوم لە کارەکانمدا.

لەبارەی (گۆرانی ئەشق باران)کە بەرهەمێکی تایبەتی هونەرمەند (شیلان عوسمان)ە وتی: یەکێکە لەبەرهەمە تایبەت و جوانەکانم کە لەگەڵ هونەرمەندی گەورە (ئەنوەر قەرەداغی) و تێکستی شاعیری ناودار (ئەحمەد محەمەد)ە، ئەم بەرهەمە دوای تێپەڕبونی چەندین ساڵ بەسەر بڵاوکردنەوەی هێشتا لەهزری هەوادارانم وەکو خۆی ماوەتەوە.
هەروەك چیرۆکی پشت بەرهەمی (هەر ئەڕۆی ئەڕۆی)دەگێڕێتەوەو دەڵێت: ئەم بەرهەمەم یەکێك بووە لەتێکستەکانی دایکم کە بۆ براکەمی نوسیبوو کاتێ لەساڵی ٢٠٠٠سەفەری هەندەرانیکرد.
لەکۆتایی دیمانەکەدا هونەرمەند باس لە دووکۆتا بەرهەمی خۆی دەکات و رایدەگەیەنێت: ئەو دوو بەرهەمە کۆتا بەرهەمی خەرمانی هونەری من دەبێت و لێرە بەدواوە وەك کەسێکی ئاسایی بەردەوام دەبم لەکاری رۆژانەم.

لاول مرة دورة لمسرح الاطفال في كركوك وعرض مسرحي ناجح

تقرير اعده / رزكارشواني

اقامت مكتبة كاريز الثقافي في مدينة كركوك خلال شهر تموز ٢٠٢١ دورة لمسرح الاطفال استمرت لمدة اسبوعين ، شارك فيها ٣٠ طفلا وطفلة من مختلف احياء مدينة كركوك .

وقال الكاتب والصحفي طارق كاريزي مدير مكتبة كاريز ان الاطفال المشاركين في الدورة تلقوا خلال الدورة دروسا نظرية وعملية من قبل الفنان المسرحي عبدالله كاكه يي حول المسرح والسلم الموسيقى .

مبينا ان عدد من فناني المسرح بكركوك قدموا محاضرات وتدريبات للمشاركين في الدورة، فيما قدم عدد من فناني الموسيقى معزوفات للاطفال لخلق اجواء اكثر بهجة للاندماج في هذه الدورة التي تقام لاول مرة في رحاب مكتبة كاريز .

وحول فكرة تاسيس فرقة لمسرح الاطفال اوضح انه ومن المزمع تشكيل فرقة مسرح اطفال وفرقة للرقص الكوردي (الدبكة) من خلال الاستفادة من المواهب المشاركة في الدورة .

*** عرض مسرحية (سقوط كورونا)**

بعد ان انتهت دورة المسرح للاطفال بنجاح قدم مجموعة من الاطفال المتميزين المسرحية الكوردية (كەوتنى كۆرۆنا) اي (سقوط كورونا) تاليف ياسر عادل كاكه يي واخراج واشراف عبدالله كاكه يي ، وذلك في المركز الثقافي بمدينة كركوك و برعاية الدكتور صديق عمر رسول رئيس جمعية صحة كركوك، ونالت المسرحية اعجاب واستحسان الحضور .

*** آراء وانطباعات**

- يقول الفنان عبدالله كاكيي المشرف على الدورة ان الاطفال المشاركين في دورة المسرح التي نظمتها مكتبة كاريز الثقافي استطاعوا ان يجتازوا الدورة بنجاح وبرز بينهم اطفال موهوبين لهم القابلية في التمثيل على خشبة المسرح والذين ينتظرهم مستقبلا زاهرا ، موضحا ان اطفال كركوك محرومون من مزاولة هواياتهم الفنية والثقافية وبالاخص مسرح الاطفال ، لذا بادرت مكتبة كاريز بفتح دورة للمسرح لهم بغية تطوير قابلياتهم ، والحمدلله نال العرض المسرحي الذي قدمه هؤلاء الاطفال اعجاب الحضور من الفنانين والمثقفين .

- من جهته اعرب الفنان سيروان بيلانه مدير الثقافة والفنون التابعة لوزارة الثقافة في اقليم كوردستان عن سروره البالغ لبروز مجموعة من الاطفال الموهوبين في مدينة كركوك الذين شهد لهم الحضور في الدورة المسرحية التي اقامتها مكتبة كاريز ، وكذلك مشاركتهم في احدى اللوحات المسرحية التي جرت على مسرح المركز الثقافي في المدينة .

- اما الفنان سيروان عمر مسؤول فرع كركوك لنقابة فناني كوردستان فقد اشار الى ان احتواء هؤلاء الاطفال الموهوبين ضروري بغية رعايتهم و دعمهم لكون ان كركوك خال من مسرح الطفل ، مؤكدا دعم نقابة فناني كوردستان في المحافظة لهؤلاء الموهوبين الذين يؤمل لهم مستقبلا باهرا من اجل بناء قاعدة متينة للمسرح الكركوكي .

بەرنامەی سینەمای منداڵان

بەرنامەی سینەمای منداڵان دەچێتە قەزاو ناحیەو گوندەکانی کەرکوک

بەرنامەی سینەمای منداڵانی کەناڵی ئاسمانی کەرکوک، تەنها لەسەنتەری شاری کەرکوک نامێنێتەوەو لە ئێستادا ڕووی لە قەزاو ناحیەو گوندەکان کردووە و منداڵانی ئەو ناوچانەش بە سینەما ئاشنا دەکات.

ئەمجارە بەرنامەی سینەمای منداڵان بە کۆمەڵێ فیلمی کۆمیدی و پەروەردیی منداڵانی کۆیە و تەقتەق و پردێی بە سینەمای گەڕۆك ئاشنا کردو منداڵانیش بە جۆش و خرۆشەوە پێشوازییان لە بەرنامەکە کرد.

لەوبارەیەوە نەژاد نەجم، ئامادەکار و دەرهێنەری بەرنامەی سینەمای منداڵان، باسی لەوەکرد: ئامانجمان ئەوەیە لە ڕێگای ئەم بەرنامەیەی کەناڵی ئاسمانی کەرکوکەوە، تەنها لە ناو شاری کەرکوك نەمێنێتەوە، بەڵکو زۆرترین قەزا و ناحیەکانیش بەسەر بکەینەوە.

وتیشی: کارکردن و نمایشەکانمان ئاڕاستەی ئەو شوێنانە دەکرێت کە دوورە دەستن و کاری هونەری تێدا ئەنجام نادرێت و هەر لەسەر ئاڕاستەو ڕێنمایی سەرپەرشتیاری گشتی دەزگای میدیایی کەرکوک گرنگی بە لادێ و شوێنە دوورە دەستەکان دەدرێت، تاکو منداڵانی قەزاو ناحییەو گوندەکانیش وەك منداڵانی شار بێبەش نەبن و چێژو خۆشی لە فیلمەکان وەربگرن.

فیلمە پەخشکراوەکانی بەرنامەی سینەمای منداڵان تایبەتن بە کۆمێدی و پەروەردیی وسەرکێشی لە پێناو سەرکەوتن و دروستکردنی تاکە تاقانە بە تواناو بگاتە ئامانجەکەی، هەموو جارێکیش دوای پیشاندانی فیلمەکان شیکردنەوە بۆ فیلمەکان دەکرێت و پرسیار لە منداڵانی ئامادەبوو دەکرێت، تا بزانرێت چۆن لە فیلمەکان تێگەیشتوون.

ئەحمەد محەمەد ئسماعیل:

من سەری لێدەرناکەم ئەم کوردە بۆچی ئەوەندە لە ئاستی خۆی کەمتەرخەمە!

دیمانە: هەڵمەت هۆشیار

ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، چیرۆکنووس و ڕۆماننوس وەرگێڕی دیاری نەتەوەکەمان کەزیاتر لە نیو سەدەیە کاری نوسین و وەرگێڕان ئەنجام دەدات و هاوکات وەرگری دووەمین خەڵاتی کارۆیە بۆ نوسین و داهێنان و خاوەنی زیاتر لە ٨٠ کتێبی چیرۆك و ڕۆمان و وەرگیرانە. لە دیمانەیەکی تایبەت بە کەناڵی ئاسمانی کەرکوك لە بەرنامەی گەوهەرەکان لە ئامادە و پێشکەشکردنی (هەڵمەت هۆشیار) وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە.

*** مامۆستا زۆر سوپاس بۆ ئەم دەرفەتەی پێت بەخشین و ئەرکمان خستە سەرت تا لە نزیکەوە گفتوگۆیەك ئەنجام بدەین.**

- بەخێربێن، خۆشیتان هێنا، ئومێد دەکەم ئەو ئەرکەی بە کەناڵی ئاسمانی کەرکوك سپێردراوە بە باشترین شێوە بە ئەنجامی بگەیەنێت.

*** من نامەوێت بچمە زۆر وردەکاری ژیانەوە، ڕاستەوخۆ دەچمە سەر پرسیارە جەوهەرییەکان، لە دیدارێکدا لە بارەی مردنەوە دەڵێیت: «دواجار ئەو مردنە پووچە کۆتایی بەم ژیانە پووچە دەهێنیت» بەڕاستی ئەگەر ژیان ئەوەندە پووچە ئەی تەقەلاکانمان لە پێناو مانەوە و نەمریدا چی؟ ئەگەر لە ڕووی فسیۆلۆجییەوە نەمێنین هەوڵەکانمان بۆ مانەوەیە لە ڕێی بەرهەمەکانمانەوە.**

- من ئەو کاتە ئەو ڕستەیەم وتووە مەبەستەکەم عەبەسی و پووچگەرایی نەبووە، ئێمە لە ناو شارستانییەتێکی جەنجاڵ و تەکنەلۆژیایەکی فراوان و ئاڵۆزدا دەژین، هەرچەندە ئەوانە ژیانی مرۆڤیان هەندێك ڕێکخستووە، بەڵام لە هەندێ ڕووی دیکەوە مرۆڤی تووشی سەرسام بوون کردووە توشی دڵەڕاوکێ و فۆبیای کردووە، ئەو ژیان و گوزەرانە سەختەی ئێستا، ئەو جەنجاڵییەی لە جیهاندا هەیە، ئەو هەموو جەنگە خوێناوییەی ڕوو دەدەن، مەترسییەکانی ئەتۆمی کە پێشبینی دەکرێت لە چاوتروکانێکدا ژیان پووچ بکاتەوە، ئەمانەن جۆرێك لە پووچی و بێماناییەك بە ژیان دەدەن، کە ڕەنگە تەنها مردن بتوانێت ئەو دۆخە کۆتایی پێبهێنێت. بەڵام سەرباری هەموو ئەمانەش دەیان قوتابخانە و ڕێبازی فەلسەفی هەیە ژیان جوانتر نیشان دەدەن و دەیانەوێت خۆشەویستی بکەن، من لەگەڵ ژیاندام و لە چیرۆکەکانیشمدا ژیان جوانتر نیشانی وەرگر دەدەم.

*** دەمەوێت باسی نەمریم بۆ بکەی لای مامۆستا ئەحمەد نەمری چی دەگەیەنێت؟**

- هەموو ئەوانەی کارێکی باش لە پاش خۆیان بەجێدەهێڵن، چ نوسین بێت یان چیرۆك بێت یاخود بەرهەمێکی دیکە بێت بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی، ئەوا دەبێتە هێمای درەوشانەوەو نەوە دوای نەوە باسی دەکەن و سود لەبەرهەمەکانی وەردەگرن، ئیدی ئەوە نەمرییە...

*** جگە لەو بەرهەمانەی کە زادەی بیرکردنەوەی هزری خۆتن، دەمەوێت بزانم کاتێك بەرهەمێك وەردەگێڕیتە سەر زمانی کوردی مەرجە لەگەڵ بیرکردنەوە و ئایدۆلۆجیای خۆتا یەکانگیر بێت؟ یاخود جوانی دەق و ڕووداوەکان خۆی دەسەلمێنێت تاکو ئەو بابەتە بە کوردی بکەی؟**

- وەرگێڕان پێویستییەکی ژیان و شارستانیەتە، پردی گواستنەوەی نەتەوەکانە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی پێشکەوتوو تر، تەنانەت وڵاتە پێشکەوتووەکان بایەخێکی یەکجار زۆریان بە وەرگێڕان داوە بۆ ئەوەی کەلتورو ئەدەبی وڵاتان و نەتەوەکان بگوازنەوە بۆ نەوەکانی خۆیان، ئێمەش لە هەموو کەسێك زیاتر پێویستمان بە ئەزموونی گەلانی دیکەیە، بە زانستی نەتەوەکانی دیکە هەیە، تاکو ببێتە فاکتەری بونیادنانی گوتاری ڕۆشنبیری و زانستی و فەرهەنگیمان. من هەر لە خۆوە کتێبەکانم وەرنەگێڕاوە، من لە دوای خوێندنەوە کۆمەڵێك مەرج دادەنێم بۆ ئەو بەرهەمانەی هەستم کردوە سودێك دەگەیەنێت بە فەرهەنگ و کەلتوری نەتەوەکەم، چ لە ڕووی بابەتەوە بێت یان تەکنیك یاخود زانیارییەوە.

لە لایەکی دیکەوە بە شوێن ئەو بەرهەمانەدا گەڕاوم کە بە زمانی نەتەوەکانی دیکە گرنگیان بە میللەتەکەی خۆم و باسی میللەتەکەمیان کردوە لەوانە بەرهەمەکانی یەشار کەمالم وەرگێڕاوە، بۆنمونە لە تورکیا دوای شۆڕشی دەرسیم قسەکردن بەکوردی و ناوهێنانی کورد قەدەغەکرا، بەڵام یەشار کەمال و موسا عەنتەر ئەو تەلیسمەیان تێکشکاند و موسا عەنتەر ڕۆمانێکی بە زمانی کوردی لە زیندان نووسی بە ناوی (برینا ڕەش) و یەشار کەمالیش لە ڕۆمانەکانیدا بە ئاشکرا ناوی کوردی دەهێنا، من ئەو ڕۆمانانەم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

*** هەست ناکەی زۆرینەی نوسەران چیرۆکنووسانی ئێمە لە ئاستی کارەساتی ئەنفال و جینۆسایدی نەتەوەکەمان کەمتەرخەمیان نوواندوە، ڕاستە لێرە و لەوێ هەوڵێك هەبووە بەڵام ئەوانەش تا ڕادەیەك کەمن؟**

- کەمتەرخەمی گەورەی زۆرێك نووسەرانی ئێمە ئەوەیە نەیانتوانیوە ئازاری نەتەوەکەیان بنووسنەوە وهونەریانە دەری ببڕن، هەندێ گۆرانی وتراوە، بەڵام لە ئەدەبدا زۆر کەم باسی کارەساتی ئەنفالکراوە، زۆر بە کەمی باسی کۆڕەوەکە کراوە، کەم باسی هەڵەبجە کراوە، ئەمە بێدەربەستییە دەرهەق بەو کارەساتانە، کارەساتێك کە کاریگەریی لە دەروون و هەستی کەسێك بکات چۆن نایهەژێنێت، من تا ئێستا چواردە چیرۆکم بۆ ئەنفال و کەرکوك نوسیوە، من هەر دوای ئەنفالەکە لە ساڵی ١٩٨٩ ڕۆمانێکم لە بارەی کارەساتی ئەنفالەوە نووسیووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٠ چاپکرا، سەیرەکە لەوەدایە بە کوردی کەس بە هەندی وەرنەگرت بەڵام کە وەرگێڕدرایە

وەرگێڕان پێویستییەکی ژیان و شارستانیەتە

سەرزمانی تورکی نووسەرانی باکور لە ئاماد زۆر بە ئیجابی باسیان دەکرد و دەیانووت تا ئێستا بەرهەمێکمان نەگەیشتۆتە دەست باسی ئەوکارەساتانەی باشوور بکات.

*** ئەم ڕۆمانە بۆچی بە باشی نەگەیشتۆتە خوێنەران، من ئەمە یەکەمجارە لە زاری خۆتەوە دەیبیستم کە ڕۆمانێکی لە بابەتەت هەیە؟**

- بۆ زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی وەرگێڕدراوە، بەڵام زۆر بێدەنگانە لە ناو کورددا تێپەڕی، من سەری لێدەرناکەم ئەم کوردە بۆچی ئەوەندە لە ئاستی خۆی کەمتەرخەمە! ئەزانی جووەکان دوای کارەساتی هۆڵۆکۆست چییانکرد؟ پێنج سەد لیژنەیان دروستکرد هەموو شارو گوندەکانی ئەوروپا گەڕان، بۆ دۆزینەوەی ئەوانەی چییان بیستووە و چیان بینیوە دەربارەی هۆلۆکۆست، هەموویان تۆمار کردو هێنایانەوە لە ئەرشیفی خۆیاندا پاراستوویانە. بەڵام لای ئێمە خەریکە ئەنفال لە بیر دەچێتەوە، حکومەتی ئیسرائیل دوای ٣٠ ساڵ یەکێك لە نازییەکان کە بەشداری لە کارەساتی هۆلۆکۆستدا کردبوو لە ئەرجەنتینەوە ڕفاندییان و هێنایانەوە لە تەل ئەبیت دادگاییان کرد، بەڵام حەجاجێکی دڕەندە دەستدرێژ کردە سەر دەیان ژن وکچی کورد ئەوەتا لە یەکێك لە شارەکانی باشوری عێراقە و تا ئێستا دەسەڵاتی کوردی نەیانتوانیوە ئەگەر بە پارەش بێت دەستگیری بکەن و بۆ سوکنایی دڵی کەسوکاری ئەنفالکراوان و ڕزگاربووانی ئەنفال دادگایی بکەن.

*** کەواتە هێشتا زۆرێك لە ئەدیبان لە نێو بازنەی خەیاڵ و فەنتازیا و کانی ژنان و خەت و خاڵی یارەکانیاندا دەخولێنەوە؟**

- بەڵی، ئاخر ڕەوایە کارەساتێکی وەکو ئەنفال ١٠ ڕۆمانی لەسەر نەنووسرا بێت؟ بەڵام من بێ ئومێد نیم، کۆمەڵێك قەڵەمی گەنج پەیدا بوون کە من لەو ماوەیەدا کۆمەڵێك چیرۆکیانم خوێندەوە، هەستمکرد لە توێی ڕستەو دەربڕینەکانیادا ئازاری گەلەکەیان بوونی هەیە سەرباری ئەوەی هەندێکیان ڕەنگە لەوکاتەدا بیریان نەیات یان هەر لە دایك نەبوون بن ونازانن کارساتەکە چۆن بووە، بەڵام ئومێدی شتی زۆر جوانم لێیان هەیە.

ژمارە (3) تەمموز 2021

مامۆستا سەبیحە هەمیشە لە خەمی شارەکەیدا بوو

مەرگ ڕێگەی نەدا خزمەتی زیاتر بە کەرکوك و کەرکوکییەکان بکات

لەژیاندا کەسانێك هەن هێندە مەزنن بێ ئەوەی ببینرێن هەست بە بوونیان دەکەین، هەمیشە هەوڵەکانیان بۆ خزمەتکردنە و شەونخونیەکانیان بۆ خزمەتی شار و نەتەوەکەیانە، مامۆستا سەبیحە عەلیش، یەکێك بوو لەمرۆڤە جوانانە کە هەوڵی خزمەتکردنی کەرکوك و نەوەی نوێی دەدا.

مامۆستا سەبیحە عەلی محەمەد، لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٢ی بنەماڵەیەکی کوردپەروەری شاری کەرکوك و دەرچووی کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری زانکۆی سەلاحەدین بووە، لەساڵی ١٩٨٨ - ١٩٨٩ لەدوای راپەڕینە جەماوەرییەکەی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان و لەساڵی ١٩٩٢ لەڕێگەی هەڤالان وەستا ڕەسوڵ و تەحسین نامیقەوە پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە.
جێگرو دامەزرێنەری سەنتەری ئازاد هەورامی بووە لەساڵی ٢٠٠٩ لەشاری کەرکوك کە کاروباری کارگێڕی سەنتەرەکەی لەئەستۆگرتووەو ماوەی چەند ساڵێکیش لە خوێندنگای بۆتانی کوڕان لەشاری کەرکوك وانەی وتۆتەوە.
لە ڕۆژی ٢٠ / ٦ /٢٠٢١ بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کردو بۆیەکجاری دڵە گەورەکەی لەلێدان کەوت و لەگۆرستانی شێخ محێدین لە شاری کەرکوك بەخاك سپێردرا.

جوان عەلی، خوشکی مامۆستا سەبیحە تایبەت بەگۆڤاری (تیڤی) سەبارەت بە ژیانی خوالێخۆشبوی خوشکی، وتی: دوای لەدەستدانی دایك و باوکمان، مامۆستا سەبیحە نەیهێشت بێ دایك و باوکیمان پێوە دیاربێت و هەموو ژیانی خۆی تەرخانکرد بۆ پەروەردەکردن و پێگەیاندنی ئێمە، کە لەڕێگەی کارکردنی لە ئارایشتگایەك لەو سەردەمەدا بژێوی ژیانی ڕۆژانەی بۆ دابیندەکردین .
دەشڵێت: بەهۆی ئەوەی خوالێخۆشبوی خوشکم چەندین چالاکی ئەنجام دەدا لەڕێگەی ڕێکخستنە نهێنییەکانی (ی.ن.ك) لەو سەردەمە، هەمیشە ماڵەکەمان ببووە لانکەی پاراستنی پێشمەرگە، کەئەمەش بووە هۆی ئەوەی بڕیاری راگواستنمان لەلایەن رژێمی بەعسی لەناوچووەوە بۆ دەربچێت.
ئاماژە بەوەشدەکات: مامۆستا سەبیحە بەمیهرەبانی و دڵسۆزییەکەی نازی دایك و باوکمانی پێدەبەخشین و هیچ کات نەیهێشتووە کەم وکوڕی لەژیانماندا هەبێت، هەر بۆیە ئێستا بەلەدەسدانی کۆستێکی گەورەی خستە سەردڵی هەمووومان و بەکۆچی ناوەختەی دڵمانی تەزاند.

لەمەراسیمێکی شایستەداو بە ئامادەبوونی مامۆستایان و فێرخوازان و هاوڕێیانی خوالێخۆشبوو لەسەنتەری ئازاد هەورامی وەك وەفایەك بۆ ئەو خاتوونە ماندونەناسە تاجەگوڵینەی ڕێزو خۆشەویستی لەسەر گڵکۆکەی دانرا ، هەر لەمەراسیمەکەدا چەند نەمامێك لەلایەن خاتوو (کافیە سلێمان)، سکرتێری یەکێتی ژنانی کوردستانەوە بۆرۆحی پاکی خوالێخۆشبوو لەباخچەی سەنتەری ئازاد هەورامی چێنرا.
هونەرمەند رزگار حەمە رەوف وەك هاوڕێیەکی چەندین ساڵەی مامۆستا سەبیحە سەبارەت بە سەرەتای کارکردنیان پێکەوە لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا وتی:لەساڵی ٢٠٠٩ و دوای دامەزراندنی سەنتەری ئازاد هەورامی بەندە لەلایەن خاتو شنۆ شاسواری هاوسەری شەهیدی سەرکردە ئازاد هەورامییەوە وەك بەڕێوەبەری سەنتەری ئازاد هەورامی و مامۆستا سەبیحە وەك جێگری بەڕێوەبەر دەستنیشانکراین، مامۆستا سەبیحە هاوڕێ و هاوکارێکی بەئەمەکم بوو .
وتیشی:هەمیشە لە خەمی کوڕو کچانی ئەم شارەدا بوو، بەردەوام باسی لەوە

دەکرد کە چەند ئاسودە دەبێت کاتێك دێت بۆ سەنتەر و ئامێری موزیك لە باوەشی فێرخوازەکان دەبینێت .

رزگار حەمە رەوف باسی لەوەشکرد:سالانێك پێکەوە لە خزمەتی کوڕو کچانی شارەکەمان بوین، راستە میوزیکژەن نەبوو، ئەرکی ئەو تەنها کاری کارگێڕی بوو لە سەنتەری ئازاد هەورامی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە بە پێشنیارو راوبۆچونەکانی دەوڵەمەندی دەکردین، لە رویی کارگێڕییەوە زۆر بە وردی و بە پەرۆشەوە کارەکانی رادەپەڕاندو هەمیشە جێی متمانەی هەموان بوو روحی شادو ئارام بێت.

هاوکات خاتوو کافیە سلێمان لەوتەیەکیداو لەسەر گڵکۆی مامۆستا سەبیحە، رایگەیاند: مامۆستا سەبیحە کەسێکی کوردپەروەرو نیشتیمان پەروەر بوو، هەرچی جوانیەکانی ژیان بوو ئەو حەزی پێدەکرد، هەمیشە بەوپەڕی لەخۆ بوردوییەوە کارەکانی ئەنجامداوەو هەرئەرکێکی پێ بسپێردرایە دەیخستە پێش بەرژەوەندییەکانی خۆی و خانەوادەکەی و زۆر بەدڵسۆزییەوە ئەنجامی دەدا.
ئەوەشیخستەروو: ئەوەی جێی شانازییە کە لە مامۆستا سەبیحەوە بۆمان دەمێنێتەوە هەمیشە شانازی پێوە بکەین، ئەو سیفات و ئاکارە جوانانەیەتی کەلەدوای خۆی بۆ ئێمەو کەسوکارەکەی جێیهێشتووە.
لەلایەکی دیکەوە، نووسەر روناك شوانی لەوڵاتی سویدەوە بۆ کۆچی دوایی و لەناکاوی مامۆستا سەبیحە دەڵێت:هەندێ هاوڕێ هەن بەڕادەیەك دڵسۆزو بەئەمەکن، دەکرێت لە تەنگانەو لێقەوماندا پتر لە خوشك و براو کەسە نزیکەکان متمانەیان پێ بکەین، بێ ترس و دوودڵی ڕازی خۆمانیان لا بدرکێنین، بگرە پشتیان پێ ببەستین و سەر و ماڵیان پێ بسپێرین.
دەشڵێت:مامۆستا سەبیحەی حاجی عەلی، سەربازە ونەکەی کەرکوك، کچە چاونەترسەکەی ڕۆژی تەنگانە، ئەو هاوڕێ و هاودەمە بوو، کە لەم ڕۆژانەدا بۆ یەکجاری ماڵئاوایی لێکردین و ناکرێ بەبێدەنگی بەڕێی بخەین.
هەروەك ئاماژە بۆخەبات و تێکۆشانی مامۆستا سەبیحە دەکات و ئاماژە بۆئەوەدەکات:لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا کورد لە کەرکوك بەهیچ شێوەیەك کاری رەسمی پێ نەدەدرا ، بۆیە لە سۆنگەی سەختی دابینکردنی بژێوی ژیان و دەستکورتی بنەماڵەکەیان، هاوڕێ سەبیحە ناچار بوو لە ئارایشتگایەکدا کار بکات و لە سەردەمێکدا کەس نەیدەوێرا توخنی بنەماڵەی پێشمەرگە بکەوێ، تەنانەت خزم و کەسوکاریش،

ئەو بێ ترس و دڕدۆنگی سەردانی چەندین ماڵە پێشمەرگەی کردووەو دەستی یارمەتی بۆ درێژ کردوون .
ئەو نووسەرە، باس لەوەش دەکات:مامۆستا سەبیحەی خەمخۆری کەرکوك، سەربازە ونەکەی هاوڕێی تێکۆشەران چەند ساڵێك بوو تووشی نەخۆشی ڕۆماتیزم ببوو، بەهۆیەوە گەلێك ئازاری دەچەشت، بەداخەوە پاش ئەوەی پەتای نەگریسی کۆڕۆنا بەرۆکی گرت، هێندەی تر ئێش و ئازار ئۆقرەیان لێی بڕی، هەرچەندە پەتاکەی تێپەڕاندبوو، بەڵام دیارە کاریگەری ئەو دەردە کوشندەیە هۆکار بوو، کە لە نیوەشەوی ٦/٢٠ جەڵتە لە دڵە پڕ سۆزو ئەوینەکەی بدات و بۆ یەکجاری دەرووی ژیانی لێ دابخات، بەم ماڵئاوایە کچە بەوەفاو نەسرەوتەکەمان بۆ هەتا هەتایە ماڵئاوایی لە شارو کەسوکارو هاوڕێ و ئازیزانی کرد، ماڵئاوا خاتوونە نەحەساوەکەی شارە خێر لەخۆ نەدیوەکەی کەرکوك، گەورەدارە ڕەگداکوتاوەکەی شاری خەم و فرمێسك، ڕۆحت شاد و سوپاس، کە تۆ فێرت کردین، ژیان واتا خەباتی بەردەوام.

کتێبەکان کۆکراوەی وتارو بابەتەکانی نوسەرن لە رۆژنامەو ماڵپەڕەکان

چوار بەرهەمی نوێی (شوان داودی) نوسەرو رۆژنامەنووس بە خوێنەران ناسێندرا

شوان داودی، نوسەرو رۆژنامەنوس و سەرپەرشتیاری دەزگای میدیایی کەرکوك، چوار بەرهەمی نوێی بڵاوکردەوە لەژێر ناونیشانی(سەروتار، زەنگی کاتژمێر یازدە، لە ژێرچاویلکەو رحله البحث عن الاصدقاء).

ئەو چوار بەرهەمە نوێیەی شوان داودی، بریتین لە کۆکردنەوەی ئەو وتارانەی کە لە چەند گۆشەیەکی (رۆژنامەو ماڵپەڕەکاندا) کە لە چەند سەردەمێکی جیاوازدا نوسیویەتی.

کتێبی (سەروتار)، بۆ سەردەمی دوای پرۆسەی ئازادی عێراق دەگەڕێتەوە کە سەرنوسەری رۆژنامەی(هەواڵ) بوو، هەموو ئەو سەر وتارانەی کە لە رۆژنامەکە بڵاویکردۆتەوە، دواتر کۆکراونەتەوەو لەو کتێبەدا بە چاپ گەیەنراوە.

کتێبی (زەنگی کاتژمێر یازدە)، کۆکراوەی ئەو وتارانەیە کە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران بووە لەنێوان سالانی(٢٠١٤-٢٠١٨) و لە گۆشەی (زەنگی کاتژمێر یازدەی) رۆژنامەی (هەواڵ) بڵاوکراونەتەوە.

کتێبی(لە ژێر چاویلکەوە)، کۆکراوەی بابەتەکانی گۆشەی (لە ژێر چاویلکەوە) ی رۆژنامەی (هەواڵ)ە، کە نوسەر دوای کۆتایی کاری پەرلەمانی دەینوسی.

کتێبی(رحله البحث عن الایدقاء)، تەواوی ئەو وتارو بابەتانەیە، کە نوسەر بە زمانی عەرەبی لە رۆژنامەی(سەباح)ی نیمچە رەسمی عێراق و چەند رۆژنامەو ماڵپەرێك بڵاوی دەکردەوە.

وەك خۆشی دەڵێت:» سەرکردەی کۆچکردوو هەڤاڵ(عادل موراد)، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەرو سکرتێری ئەنجومەنی ناوەندی(ی.ن.ك) زۆری هاندانم بۆ ئەوەی جگە لە کوردی، بە زمانی عەرەبییش بنوسم و لە ڕاگەیاندنی عەرەبی بڵاوی بکەمەوەو دەرکەوم بۆ ئەوەی چیتر لە بازنەی خۆماندا نەخولێینەوەو بەتەنها گفتوگۆ لەگەڵ خۆمان نەکەین، فێری کردم لە پێناو گەیاندنی ڕەوایەتی دۆزی رەوای میللەتەکەمان دەبێ خەڵکیتر بدوێنین و بڕۆینە ناویان و تێیان بگەیەنین.

دەشڵێت: ئامۆژگارییەکانی زۆر بەسوود بوون بۆم، لەسەروبەندی یادکردنەوەیدا، لەگەڵ چاپکردنی کتێبە کوردییەکانم ئەو بابەتانەی بە زمانی عەرەبی بڵاوم کردبۆوە لە کتێبێکدا بە چاپ گەیاند لە ژێر ناوی (رحله البحث عن الاصدقاء) پێشکەشی گیانی بەرێزیانم کردووە بەم

شێوەیە (الاهداء... الى ذكركم الطيب وايمانكم بوحدة النضال وتضامن الشعوب المنطقة من اجل تحقيق التحرر والسلام ....الى روح الفقيد الرفيق المناضل عادل مراد)..روحت شاد ئەی پیاوە بێ گەردو روح سپیەکە.

نووسەر سەبارەت بەبابەتەکانیش ئاماژەبۆئەوەدەکات: زیاتر لە ٨٠٪ بابەتەکان باس لە دۆخ و رووداوەکانی کەرکوك دەکەن لە سەردەم و کاتە جیاوازەکاندا.

هەروەها باسیلەوەشکرد: خۆم رەخنەگرم و بەهیوام خوێنەرانیش بەچاوی هەڵسەنگاندن و رەخنەگرانە لە بابەتەکە بڕوانن.

****

ئەو چوار بەرهەمە نوێیەی (شوان داودی) لە چەند شارێك مەراسیمی تایبەتی بۆ کراو بە رۆشنبیران و خوێنەران ناسێنرا.

رۆژی ١٢/٦/٢٠٢١ لە سالۆنی کوردستانی نوێ لە مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە شاری سلێمانی بە ئامادەبوونی دەستەبژێرێك لە ڕۆژنامەنوسان و خوێنەران مەراسیمی خوێندنەوە ناساندن و گفتوگۆکردن بۆکس کتێبەکان کرا.

هاوکاوت لە رۆژی ٢٠٢١/٦/٢٦ لە سالۆنی لاپەڕە نۆی ناوەندی هەولێری مەکتەبی راگەیاندنی ی.ن.ك، لە کۆڕێکدا ناساندنیان بۆ کرا.

لەچوار کتێبەکەیدا شوان داودی ئەزموونی ساڵانێك لە نووسین و بڵاکراوەکانی ئاشنا بە خوێنەران دەکات کە لە رۆژنامە و ماڵپەڕەکان بڵاوی کردونەتەوە.

هەروەها (گۆڤاری تیڤی) کە دەزگای میدیایی کەرکوك دەریدەکات، لە رۆژی ٢٠٢١/٧/٥ لە تایم سەنتەر مۆڵی شاری کەرکوك لە مەراسیمێکدا هەر چوار کتێبەکەی بە خوێنەران و رۆشنبیرانی شارەکە ناساند.

لە هەرسێ مەراسیمی ناساندنی بەرهەمەکان، لە شارەکانی (سلێمانی، هەولێرو کەرکوك) ژمارەیەك نوسەرو رۆشنبیران و خوێنەران ئامادە بوون و لەلایەن (شوان داودی)یەوە، باس لە بە چاپ

گەیاندنی بەرهەمەکان کراو دواتریش ئامادەبوان پێشوازییەکی باشیان لەو بەرهەمانە کردو بەکارێکی گرنگیان زانی، بۆ کۆی ئەو رووداو پێشهاتانەی کە لە سەردەمە جیاوازەکاندا نوسەر خوێندنەوەی بۆیان کردووە.



حفل توقيع كتب للكاتب والصحفي شوان داودي

نظمت مجلة TV التي تصدر عن مؤوسسة كركوك الاعلامية مساء يوم الاثنين ٥ تموز ٢٠٢١ حفل تعريف وتوقيع اربع كتب حديثة تعود للكاتب والصحفي شوان داودي ، وذلك في مول تايم سنتر بمدينة كركوك .

وفي مستهل الجلسة التي ادارها رئيس تحرير المجلة روان طالب تحدث الكاتب والصحفي شوان داودي عن اصداراته الجديدة بحضور ادباء وصحفيي و مثقفيي كركوك ، وان هذه الكتب عناوينها هي (المقالات الافتتاحية ، ناقوس الساعة ١١ ، من تحت النظارة، رحلة البحث عن الاصدقاء) وقبل ختام الجلسة وزعت الاصدارات على الحضور الذين اشادوا بالدور الذي لعبه الكاتب شوان داودي لخدمة الثقافة والصحافة الكوردية .

يذكر ان المؤلف اقام حفل تعريف وتوقيع كتبه تلك في مدينتي السليمانية واربيل ايضا .

دەوەن نەوزاد:

هونەر بۆ خەڵکی دەکەم، ئەگەر لێم رازی نەبن سەرکەوتوونابم

دەوەن نـــەوزاد، خـانـەمـە ئـەکـتـەرو دەرهـێـنـەر، لە چاوپێکەوتنێکیدا لە بەرنامەی بەیانی باشی کەناڵی ئاسمانی کـەرکـوك، کە پێشکەشکار سارا عەباس، لەگەڵی ئەنجامیدا، باس لە ژیانی هونەری خۆی دەکات و پێیوایە کارەکتەری (کەژاڵ) لە درامای (رابوون) ئەوی بە بینەران ناساند.

*** ماوەیەکی زۆرە لە کـاری هـونـەری ونیت، هۆکارەکەی چییە؟**

- لە راستیدا بەهۆی بڵاوبونەوەی پەتای کۆرۆناوە، ژیان وەستاوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکی دایکایەتی گرانە، کە دایکی دوو منداڵم، ئەمەش بەرپرسیارێتی زۆری هەیەو دەبێت کاتەکانم بۆ منداڵەکانم تەرخان بکەم، بەگشتیش کاری هونەری زۆر کەمبۆتەوە، ئەوەی هەشە زۆر کەمە، بەڵام دوا کاری من لە ساڵی ٢٠١٩ بوو، وەکو دەرهێنەر کورتە فیلمێکم دەرهێنا لەسەر مافی ژن و توندوتیژییەکانی دژ بە ژنان و کچان.

*** یەکەم کارت چی بوو کە رۆڵت بینی وەك ئەکتەر؟**

- لە درامای رەشەی پۆلیس بوو، ئەوکات زۆر منداڵبووم، لە کۆمبارسەوە دەستمپێکرد، وەك پەندە کوردییەکە دەڵێت: لە پرێك نەبوومە کورێك»، بە حوکمی ئەوەی ئەوەی لە خانەوادەیەکی هونەردۆست گەورەبووم و دایك و باوکم هونەرمەندن، هەر لە منداڵییەوە لە ماڵەکەمان ستۆدیۆ هەبوو، وێنەی درامای کوردی گیراوە، وردە وردە تێکەڵی کاری هونەری بووم، خانەوادەکەشم زۆر هاوکارم بوون، لە درامای (رابوون) لە دەرهێنانی (نەجم هۆگر) رۆڵی سەرەکیم هەبوو ئەویش رۆڵی (کەژاڵ) بوو، بەسەرکەوتوویش رۆڵەکەم بەرجەستەکرد، ئەمەش وایکرد ناوبانگ بەدەستبهێنم.

*** حەز بە بینینی چ رۆڵێك دەکەی بۆ داهاتوو کە تائێستا نەتبینیوە؟**

- لە رۆڵی کەژاڵەوە تائێستا چەندین رۆڵی ترم بینیوە، بەڵام وەك کەژاڵ کاردانەوەی لەسەر بینەر نەبووە، راستە کاری سینەمایی زۆر جوانمان هەیە، وەك ئەکتەر خەڵاتم وەرگرتوو لە فێستیڤاڵەکان، بەڵام بە داخەوە کورتە فیلمە سینەماییەکان بینەر کەمتر دەیبینن، ئەوە زیاتر بۆ هونەرمەندان و دەرهێنەرەکانە.

***ئەو مەرجانە چییە کە پێویستە لە ئەکتەردا هەبێت تاوەکو رۆڵێکی باش بەرجەستە بکات؟**

- مەرجەکان لەسەر خودی مرۆڤ خۆی کەوتووە، پێویستە روحیەتێکی پاك و جوانت هەبێت، ئەگەر بە راستی نواندن لە خوێنتا نەبێت، هەموو دونیا دەرهێنەربێت و هەوڵت لەگەڵ بدات، تۆ ناتوانی نواندنێکی نەرم بەرجەستە بکەیت ، ئەوەی کە گرنگە لە نواندندا پێویستە بچیتە ناو کارەکتەرەوە، بۆ نمونە کاتێك رۆڵێکی خەمناك یاخود هاروهاج دەبینی، پێویستە هەردوو رۆڵەکە بەرجەستە بکەیت.

*** چۆن خۆت بۆ رۆڵەکانت ئامادە دەکەیت؟**

- هەر رۆڵێکم پێدرابێت، پێشئەوەی بچمە تۆمارکردنەوە، لەبەر ئاوێنە یاخود لەگەڵ خۆم چومەتە ناو کارەکتەرەکەوە تابزانم لەگەڵ من دەگونجێت، چەندین ئیش هەبووە زۆریش جوان بوونە، بەڵام هەستم کردووە بەرجەستەکردنیان زۆر قورس بووە، بە راشکاوی بە دەرهێنەرەکەم وتووە، من ناتوانم ئەو رۆڵە ببینم، کە بەمن ناکرێت، زۆریش حەزم لە بەرجەستەکردنی رۆڵی کلتوری کوردییە، چونکە من هونەر بۆ خەڵکی دەکەم، ئەگەر دڵی خەڵکیشم لێ رازی نەبێت، سەرکەوتوونابم.

*** هیچ لە رۆڵەکانت کاریگەری دەروونی کردۆتەسەرت؟**

- هەندێ جار بەڵێ، ئەویش بە ئەرێنی و نەرێنی، لەبەر ئەوەی بەراستی چوومەتە ناو کارەکتەرەکانەوە، دیمەن هەبووە زۆر گریاوم و خەفەتم خواردووە، بەتایبەتی لە درامای رابوون کە چیرۆکە راستەقینەکانم دەخوێندەوە، جار هەبووە لە تۆمارکردنیش تەواوبووینە من هەر گریاوم، چونکە بەراستی چومەتە ناو واقیعەکەوە، ئەگەر بە رۆح رۆڵ ببینیت سەرکەوتوو دەبیت.

حەزم لە بەرجەستەکردنی رۆڵی کلتوری کوردییە

***یادگارییەکی زۆرت لەشاری کەرکوك هەیە، بە تایبەتی لە کاتی تۆمارکردنی فیلمی شوێنێك بۆ یاری، ئەو یادگارییانە چین؟**

- لە شاری کەرکوك چەند کارێکی هونەری گەورەو جوانم لەگەڵ هەردوو دەرهێنەر (ناسر حەسەن) و (شەوکەت ئەمین)، کردووە، هەمیشە بە شانازییەوە باسی دەکەم، فیلمی شوێنێك بۆ یاری کە لەناو یاریگاکەی کەرکوك کە ئاوارەکانی تێدا نیشتەجێبوون، ماوەی سێ مانگ من لەگەڵ ئاوارەکان ژیام، ژوورێکمان بۆ ستافەکەمان هەبوو، زۆر زەحمەتمان کێشا، گەرماو شتی ناخۆشم بینی، رۆژانە خۆیان دەبوونە ستۆری، هەمو رۆژێك خەفەتم دەخوارد، کە ئاوارەکان ژیانێکی زەحمەتیان هەبوو، بەڵام لەگەڵ هەموو ناخۆشییەکان شتی خۆشیش هەبوو، کاری جوانمان دەکردو هاوکارمان بوون و بووبوون بە بەشێك لە ستافەکەمان، هەروەها لە درامای (کەرکوك٤) لەگەڵ کۆمەڵێك هونەرمەندی کەرکوك و هەولێرو سلێمانی کارمان کردووە، ئەوەش وایکردووە هەر کاتێك بە کەرکوکدا تێپەڕدەبم ئەو یادگارییانەم دێتەوە یاد.

*** وەك دەرهێنەر ئەو فیلمانە چین کە کاری دەرهێنانت بۆ کردوون؟**

- تائێستا دەرهێنانم بۆ بۆ چوار کورتە فیلم کردووە، لە ئێستاشدا سەرقاڵی کارێکی نوێم کە هێشتا لە قۆناغی ئامادەکاریدایە، ئێمە دەرهێنەری ژنمان نەبوو، منیش هەر لە منداڵییەوە لە بوارەکەم لە پێش و پشتی کامێرا، سێ لە فیلمەکانیشم خەڵاتیان وەرگرتووە، دوانیان وەك دەرهێنەرو یەکێکیشیان خەڵاتی ئەکتەری وەرگرتووە.

***وەك دەرهێنەر چۆن هەوڵتداوە لە رێگای فیلمەکانەوە کار لەسەر ماف و کێشەکانی ژنان بکەیت؟**

- دەتوانی لە رێگای سینەماوە پەیامەکانت بگەیەنیتە هەموو جیهان، هەرچەندە دەڵێن سینەمامان نییە، بەڵام بە خۆشحاڵییەوە سینەماو دەرهێنەری باشمان هەیە بەڵام هێشتا لەسەرەتاین، فیلمی زۆرباشمان هەیەو هاوشانی فیلمە نێودەوڵەتییەکان نمایشکراوەو خەڵاتیشیان وەرگرتووە، چونکە ئەوەی تائێستا هەیە بە قوربانییەکی زۆر هاتۆتە بەرهەم، چونکە کات و پارەو تەکنەلۆژیای پرۆفیشناڵی دەوێت.

*** هۆکاری تەماشاکردنی دراما دۆبلاژکراوەکان بۆچی دەگەڕێتەوە، ئایا ئەوەیە سینەماو درامای کوردی نییە؟**

- پێویستە ساڵانە چەندین درامای کوردی بەرهەم بێت، خۆشبەختانە ئەمساڵ چەند درامایەکی کوردی جوان و سەرکەوتوو هەبوون، کە لە مانگی رەمەزاندا پێشکەشکران، ئەمەش هەنگاوێکی باشەو ئەوکاتیش فیلمە دۆبلاژکراوەکان کاریگەرییان نامێنێت.

*** جگە لەکاری ئەکتەری و دەرهێنەری، لە بواری مەیکەپ ئارتێستی سینەماییش کاردەکەی ؟**

- بەڵێ، تائێستا بەردەوامم، من شانازی دەکەم کە هونەرمەندێك یاخود دەرهێنەرێك فیلمێکی جوان بەرهەم بێنێت، بۆمن مایەی شانازیمە، چونکە هاوکاری منن، پەیامم ئەوەیە هەموو کەسێك خۆشحاڵ بێت بە سەرکەوتنی هاوڕێ و هاوپیشەکەت.

***سەرسامی بە کام ئەکتەری ناوخۆیی و بیانی؟**

- سەرسامی ئەو ئەکتەرەم کە سەرکەوتوو بێت لە نواندنداو لە دەرەوەی نواندنیشدا کەسایەتییەکی سادەبێت و دوور بێت لە غروور بوون بەسەر خەڵکدا.

*** ئەگەر کات بگەڕێتەوەو جارێکیتر بەشداری لە کارێکی هونەری وەکو درامای ژوانێك بۆ خۆشەویستی لەگەڵ هونەرمەندان هۆگر ژیناو شەهرەیار دەکەیتەوە؟**

- بەخۆشحاڵییەوە بۆنا، بەڵام بە بڕوای من هەر کارێك لەسەردەمی خۆیدا جوانی و ناوی خۆی هەیە، چونکە هەموو کارێك ئەزمونێکە.

یوسف موراد پەیامنێرە گورجوگۆڵەکەی کەناڵی ئاسمانی کەرکوك حەزی لە سەرکێشییە

یوسف فەتحوڵا موراد، ناسراو بە (یوسف موراد) پەیامنێری کەناڵی ئاسمانی کەرکوك، لەم چاوپێکەوتنەی گۆڤاری (تیڤی)دا، باس لە سەرەتای دەستپێکردنی بە کاری رۆژنامەوانی دەکات و دەڵێت: دەمەوێت هەمیشە دەنگ و داواکاری خەڵك بگەیەنم لایەنی بەرپرس.

*** سەرەتا چۆن رووتکردە کاری راگەیاندن، حەزو خولیا بوو، یاخود بە رێکەوت بوو؟**

- راگەیاندن خەونی منداڵیم بوو، هەرلەسەرەتای تەمەنمەوە زۆر حەز بەڕاگەیاندن بووەو بەردەوام تەماشای تەلەفزیۆنەکانم دەکرد و دەموت: بڵێی رۆژێك منیش ببم بەڕاگەیاندنکار، سەرەتای کاری ڕاگەیاندنم و پەیوەندیکردنم بەکەناڵی کەرکوکەوە لە ٢٠١٦/١/١ بوو، ئەویش دوای وەرگرتنم لەزانکۆی موسڵ بەهۆی ئەوەی کولێژەکە لەجێگای خواستی خۆم نەبوو، نەمئەتوانی بەدەوام بم، بۆیە بڕیارمدا دەستبەرداری بم و روو لەکەناڵی کەرکوك بکەم تاکو بتوانم خەونی منداڵیم بەدی بێنم، هەڵبەتە مرۆڤ لەژیاندا دەبێ شانازی بەڕابردووی خۆیەوە بکات، من سەرەتا کە هاتمە تەلەفزیۆن، ڕۆژانە سەرقاڵی فێربوون بووم لە کەناڵی کەرکوك بەتایبەت کەومرزی زستان بوو لەباخچەی تەلەفزیۆن وەکو خوێندکار، سەرقاڵی ڕاهێنانی دەنگم بووم، تا ئێستا ئەو ڕاپۆرتانەی ڕاهێنانی دەنگم پێی دەکرد ماون و وەکو یادگاری هەڵم گرتون، هەرچەن دوای بونم بەپەیامنێر زۆر کەس کە دەهاتنە تەلەفزیۆن و ڕاهێنانی پەیامنێریان دەکرد داوایان لێم کردووە، بەڵام نەمتوانیوە بیبەخشم، چونکە بەشێك لەیادگاریەکانی ژیانمەو ڕۆژانە دوای تەواوبوونی ڕاهێنان و تاکو شەو دادەهات لە تەلەفزیۆن دەبووم پاشان دەگەڕامەوە ماڵ و شەوانیش دوای گەڕانەوەم دەچوم کارم دەکرد، تاکو بتوانم تێچوی هاتوچۆم دەستەبەر بکەم، ئەمە یەکێکە لەوانەی کە هەمیشە شانازیم پێوەکردووە .

***کاری راگەیاندن چی پێبەخشی و چی لێسەندیتەوە؟**

-ڕۆژنامەوانی زۆرشتی پێ بەخشیوم وەکو ناسینی چینوتوێژە جیاوازەکان لەکەرکوك و ناوچەدابڕاوەکان و شارەکانی هەرێمی کوردستانیش، راگەیاندن ویژدانێکی باشی پێبەخشیوم، بۆیە بەردەوام سەرباری ئەو بەربەستانەی دێنە پێشم، بەڵام هەوڵدەدەم هەمیشە دەنگی هاوڵاتیان و ماف خوراوان بگەیەنم بەدەسەڵات و ڕەنگە بەشێك لەخۆشیەکانی ژیانی لێسەندبێتمەوە، بەڵام هەر پیشەکەی خۆمم خۆشدەوێت.

*** لە کاتی کارکردنی رۆژنامەوانی چ یادگارییەکی خۆش یاخود ناخۆش هاتۆتە رێگەت کە بیرت نەچێتەوە؟**

- هەڵبەتە لەکاتی کارکردن زۆر ڕوداوی خۆش و ناخۆشم توشبووەو تووش دەبێت، بەڵام ناخۆشترین کاتەکان سەرەتای بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناو کەرەنتینەکردنی هاوڵاتیان بوو، کاتێك بەشەقام و کوچەوکۆڵانەکان تێدەپەڕیم و بابەتی ڕۆژنامەوانیم ئامادە دەکرد، بەو دیمەنانە زۆر بێتاقەت دەبووم ، دەمگوت بڵێی ڕۆژێك ژیان ئاسایی ببێتەوە، جگە لەمەش دیارە قۆناغی خوێندنی زانکۆم پڕ ماندووبون بوو بەتایبەت دوای گەڕانەوەم لەزانکۆی موسڵەوە بۆ زانکۆی کەرکوك، چونکە ڕۆژانە سەعات

هەشتی بەیانی رووم لەزانکۆ دەکردو پاشان دوای تەواوبونی دەوامی زانکۆ دەهاتمە تەلەفزیۆن و سەرقاڵی کاری ڕاگەیاندن بووم تاکو درەنگانێکی شەو، ئەگەر باسی خۆشترین کاتەکانم بکەم، هەڵبەتە خۆشترین کاتەکانی تەمەنم لەو کارانەدەبینم و چێژ وەردەگرم، کە زۆر ماندوودەبم و بەتایبەت حەزم بەئامادەکردنی ڕاپۆرتە لەو ناوچانەی مەترسیان لەسەرە و سروشتی ژیانم وایە، کەسێکی تاڕادەیەك بەجوڵەم و حەزم بەدانیشتن نیە، زۆرجار خۆشەویستیم بۆکارەکەم ژیانمیشی خستۆتەمەترسیەوە، بەڵام بەردەوامم، بۆیە زۆربەی کات هەست بەماندوو بون ناکەم، دەتوانم بڵێم زۆربەی کاتەکانم بیر لەبابەتی رۆژنامەوانی دەکەمەوە، بەردەوامیش حەزدەکەم بابەتی ڕۆژنامەوانیم لەناوچە دورە دەستەکان ئامەدەبکەم، خۆشەویستی بۆ کاری ڕاگەیاندن بەجۆرێکە تەنانەت لەو رۆژانەشی لەپشوی خۆمدام روو لەکەناڵی کەرکوك دەکەم.

***خانەوادەکەت هاوکارو پاڵپشتت بونە یاخود بەپێچەوانە نەیانویستوە ئەو بوارە هەڵبژێری؟**

- ماڵەوەمان بەتایبەت برای گەورەم ، کاك محەمەد زۆر هاوکارم بوو، بۆیە زۆر سوپاسی دەکەم، هەمیشە پشتیوانمی کردوەو لەکاتی بوونم بەپەیامنێر هاوکارانم چی لەیەکەی پەیامنێران و ئەوکاتەی لە ڕاهێنان بووم، بەردەوام خەمخۆرم بوونە چی لە بەشەکانی دیکەی کەناڵەکەش، دەمەوێ سوپاسی مامۆستایانیشم بکەم لەبەشی ڕاگەیاندی کۆلێژی ئادابی زانکۆی کەرکوك، چونکە بەردەوام لەگەڵمدابونەو پشتیوانم بوونە.

*** ئەو ئامانجانە چین کە بۆ داهاتوو هەوڵیان بۆ دەدەی؟**

-هەڵبەتە من ئامانجی گەورەترم هەیە لە دونیای ڕاگەیاندن، بەئاواتی ئەوەم لەداهاتوودا بتوانم ماستەرو دکتۆرا لەبواری ڕاگەیاندن بەدەستبهێنم، چونکە خۆم دەرچوی بەشی راگەیاندنی کولێژی ئادابی زانکۆی کەرکوکم، ئاواتمە لەداهاتودا ببم بەبێژەرو پێشکەشکار، جگە لەپەیامنێری حەزم بەبەشداری کردنە لە فیلم و دراما ،بەبڕوای من راگەیاندنی ئەمڕۆ جۆرێك بێ پلانی پێوە دیارە، چونکە بەداخەوە بەشێك لەمیدیاکان ، بێگەڕانەوە بۆ ناوەڕۆکی بابەت زۆرجار بابەتی نەگونجاو دەکەنە قورگی خەڵکدا.

جگەلەمانەی باسم کرد حەزم بەکاری ئەلکترۆنیەو هەمیشە حەزدەکەم سادەم بم، چونکە بەبۆچونی من سادەیی جوانترین سیفەتی مرۆڤە، زۆرم حەز بەپاك و خاوێنی شارەکەمە زۆر جاریش حەزم بەسەرکێشیەو لەرووی وەرزشیشەوە هاندەری یانەی بەرشلۆنەم.

*** هەستت چۆن بوو لەو کاتەی جگە لە کاری پەیامنێری هاوکات هاوڵاتییەکی کەمئەندامت رزگارکرد کە هەوڵی خۆ سوتانی دا؟**

-یەکێك لە ڕۆژەناخۆشەکان لەمانگی ٢ی ساڵی ٢٠٢١بەسەرم هات، ڕۆژی هەینی بوو، لەسەروبەندی قەدەغەی هاتوچۆ کاتێك لەگەڵ تیمەکەم کە پێکهاتبون لەهەوراز سامی وێنەگرو سامان سەیفوری شۆفێر رووماڵی جێبەجێکردنی ڕێکارەنی قەدەغەی هاتوچۆم دەکرد، نزیك بوومە لە ناوبازاڕی شاری کەرکوك کە پێی دەوترێت سەرپردەکە، کەدابەزیم ویستم مۆڵەت لەهێزەئەمنیەکان وەربگرم ، تاکو دیمەنی ناو بازاڕ لەڕۆژانی قەدەغەی هاتوچۆ تۆماربکەم، لەوکاتەدا لەئۆتۆمبێلەکە دابەزیم ئاگادار کرامەوە، هاوڵاتیەك کە شۆفێری تەکسیە دەیەوێت کارەساتێك بەسەر خۆی بێنێت، بۆیە هەستی مرۆڤدۆستی وایلێکردم دەستبەرداری ڕاپۆرتەکەم بم تاکو نەهێڵم ژیانی لەدەست بدات ، سەرەتا بەڕاکردن نزیکی بومەوەو بۆم دەرکەوت کە تورکمانەو زۆر تکام لێکرد کە وانەکات، دواتر چوەناوئۆتۆمبێلەکەی و دەرگای لەسەرخۆی داخست و ویستی ئاگر لەخۆی و ئۆتۆمبێلەکەی بەربدات، بۆیە بەپەلە دەرگاکەم کردەوەو ڕێگریم لێکرد، پاشان لەپڕدا چەرخی داگیرساندو بەهۆی ئەوەی بەنزینی بەئۆتۆمبێلەکەیدا کردبوو گڕیگرت، هەرئەوەندەم پێکرا هێنامە دەرەوە، پاشان بەهۆی بەتینی ئاگرەکەوە تەندروستی زۆر تێکچو، تەنها ئەوەندەم پێکرا پەیوەندیم بە فەرمانددەی پۆلیسی فریاکەوتنی کەرکوکەوە کرد تاکو بگەن بەشوێنی ڕوداوەکەو هەرچەند من ئەو کارەم بۆ ئەوەنەکرد کە باس بکرێم و ناوبانگ دەربکەم، بەڵام سوپاس بۆ دڵسۆزی تەواوی خەڵکی شارەکەم و هاوکاران و هاوپیشەکانم، بەوجۆرە باسی منیان کرد بەتایبەت کاك عیماد جەباری ل . بەشی هەواڵی کوردی لە دەزگای میدیایی کەرکوك کە یەکەم کەس بوو باسی ئەو هەڵویستەی منی کرد و زۆر سوپاسی ئەو پەیج و ئەکاونتانە دەکەم کە باسی هەڵوێستەکەی منیان دەکرد، ئەو ڕۆژە زۆر ناخۆش بوو بەلامەوە، چونکە تاکێکی شارەکەم قورسی ژیان و گوزەران و بارودۆخ وایلێکرد بیر لە خۆلەناوبردن بکاتەوە، چونکە ئازاری خەڵکی شارەکەم ئازاری منە.

زۆرجار خۆشەویستیم بۆ کارەکەم ژیانمیشی خستۆتە مەترسیەوە

کاریگەرییەکانی پەتای کۆرۆنا لەسەر قوربانیانی توندوتیژی سێکسی جەنگی داعش

دوای ئەوەی لەساڵی ٢٠١٥ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لەبڕیارێکی نێودەوڵەتیدا، ڕۆژی ١٩ ی حوزەیرانی دیاریکرد وەك ڕۆژی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی سێکسی لەکاتی ململانێکاندا، لەو چوارچێوەیەدا لە ئەمساڵدا، لە پانێلێکی تایبەتی ئەنجومەنی کاروباری خانمان بەجدی کار نە کردن لەسەر پرسی قوربانیانی توندوتیژی سێکسی لەسەر کچان و ژنانی ئێزدی بە میوانداری چەندین لێپرسراوی حکومی و کاروباری خانمان و ئێزدییەکان گفتوگۆی لەبارەوە کرا.

لەسەرەتای پانێڵەکەداو لە پرسیارێکدا بۆ ئیڤان فایەق، وەزیری کۆچ و کۆچبەران لە حکومەتی فیدڕاڵ بەوەی کەتائێستا وەزارەتەکەیان چیکردووە بۆ قوربانیانی شەڕی داعش و و تاچەند پەتای کۆرۆنا ڕێگر بووە لەبەردەم جێبەجێکردنی کارەکانیان، رایگەیاند: پەتای کۆرۆنا کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر وەستاندنی جوڵەی جیهان بەگشتی و دەوڵەتان بەتایبەتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تاڕادەیەکی باش خزمەتگوزاری تەندروستیمان گەیاندۆتە کەمپەکان و هەروەها توانیومانە بەهاوکاری وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی سی هەزار پلەی سەرپەرشتیاری کۆمەڵایەتی تایبەت بە ئێزدییەکان تەرخان بکەین».

وتیشی:بەشێوەیەکی مەیدانی سەردانی کەمپەکانمان کردووەو چاومان بە نزیکەی ٢٠ بۆ ٢٥ کچ و ژنی ئێزیدی کەوتووەو هاوکات لەپرۆژەی (مودرا) کە پرۆژەیەکی گرنگەو تا لەرێگەیەوە ژنان و کچانی ئێزدی بتوانن پشت بە خۆیان ببەستن و ببن بە خانمێکی کاریگەرو داهێنەر لە کۆمەڵگادا.

هەر لە پانێڵەکەداو سەبارەت بە گەیاندنی دەنگی ئەو قوربانیانە بەلایەنی پەیوەندیدار لەناوخۆو دەرەوە، دکتۆرە خانزاد ئەحمەد ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی باڵای خانمان لەهەرێمی کوردستان، رایگەیاند: لەرێگەی کردنەوەی نوسینگەیەکی تایبەت بە کچان و ژنانی ئێزدی توانیومانە بەشێك لە پێداویستی و بژێوی ژیانی ئەو قوربانییانە دابین بکەین .

وتیشی: بەداخەوە حکومەتی فیدڕاڵ هاوکارییەکی کەمیکردووین سەبارەت بەو پرسە.

هەروەك باسی لەوەشکرد: پێویستە لەسەر رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەرنامەکانی خۆیان لەگەڵ داواکاری قوربانیەکان بگونجێنن و دووربن لە رۆتینیات وهەماهەنگی لەنێوان دامودەزگا حکومییە پەیوەندیدارەکان بەم کەیسە.

سەبارەت بەگەیاندنی هاوکاری لەلایەن حکومەت و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ناوخۆیەکانەوە، بۆ ئاوارەکانی کەمپی قەزای شێخان، شێخ سەردار قایمقامی قەزاکە، ئاماژەی بۆئەوەکرد: لەقەزای شێخان ٧کەمپی نیشتەجێبون و کەمپێکی ریسیپشن تایبەت بەپێشوازی ئاوارەکان هەیەو سەرهەڵدانی پەتای کۆرۆنا هۆکاربوو بۆگەڕانەوەی ئەو کۆمپانیاو رێکخراوانەی هاوکارمان بوون بۆگەیاندنی هاوکاری مادی ومەعنەوی بۆ کەمپەکان و بۆ وڵاتەکانی خۆیان، ئەمەش بووە هۆی کەمبوونەوەی پێشکەشکردنی هاوکارییەکان بەو کەمپانە.

دەشڵێت: ڕێژەی حاڵەتەکانی توندوتیژی لەناو کەمپەکان لەساڵی٢٠١٩ زیاتر لە ٣٨حاڵەت بووە، بەڵام لە٢٠٢٠بووە بە ٢٨حاڵەت و لە٢٠٢١ دابەزی بۆ ١٥حاڵەت.

هاوکات هەر لە پانێڵەکەدا، سعود مەستۆ، راوێژکاری یاسایی جڤاتی رۆحانی ئێزدییەکان ئاماژەی بۆ گرنگترین رێگریی و لەمپەرەکانی بەردەم گەڕاندنەوەی ماف بۆ قوربانیانی توندوتیژی جەنگی داعش کرد و ئەوەیخستەڕوو: بەداخەوە جێبەجێنەکردنی یاسای ژمارە هەشتی٢٠٢١ی تایبەت بە رزگاربوانی ئێزدییەکان لەشەڕی داعش لەلایەن حکومەتی فیدڕاڵەوە یەکێکە لەو رێگرییانە، باسی لەوەشکرد:لە عێراقدا هیچ دادگایەك یاخود یاسایەکی تایبەت بەسزادانی تاوانبارانی تاوانی جینۆسایدکردنی ئێزدییەکان نیە تالەرێگەیەوە ئەوقوربانییانە بتوانن مافەکانیان بەدەستبهێننەوە.

بەوتەی ئەو راوێژکارەی یاسایی جڤاتی رۆحانی ئێزدییەکان، بڕیاری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەکان لەسەر تاوانی داعش دەرهەق بە ئێزدییەکان بۆ بەجینۆساید ناساندنی ئەوتاوانە تارادەیەك جێی دڵخۆشی و ئومێدی ئێزدییەکانە لەهەمبەر بەدەستهێنانی مافەکانیان.

هەروەك ئاماژە بۆئەوەشدەکات:هەرچەندە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی خەلاتێکی زۆر پێشکەشی قوربانیانی ئێزدی کراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە برینی ئێزدییەکان سارێژ ناکات و لەلایەکی دیکەوە بڕیاری نەتەوە یەککگرتووەکان سەبارەت بەکۆکردنەوەی بەڵگەو هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان هەنگاوێکی پراکتیکیە لە بەرەو پێشبردنی کەیسی ئێزدییەکان.

لەلایەکی دیکەوە چالاکوان، دکتۆرە نەغم گرنگی پێشکەشکردنی هاریکاری تەندروستی و سایکۆلۆژی بۆ قوربانیانی سێکسی خستەروو رایگەیاند: دووبارە راهێنانەوەی قوربانیانی سێکسی لەکۆمەڵگادا لەرووی دەرونی و نەبونی ناوەندێکی پزیشکی تایبەت بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری پێویست بۆیان و داڕووخانی ئابورییان و نەبونی هۆشیاری زانستی هۆکاری سەرەکی بوون لە هەمبەر کەمی کاریگەری پێشکەشکردنی هاریکاری تەندروستی و سایکۆلۆژی، چونکە ئەو ژن و کچانەی دەستدرێژی کراوەتە سەریان پێویستە جارێکی دیکە لەگەڵ کۆمەڵگا رابهێنرێنەوە، ئەویش لەرێی دانیشتن و وانەی دەروونییەوە، بەڵام ئەمەش هێشتا سودێکی ئەوتۆی نیە، چونکە واقعیان لەناو کەمپەکان جیاوازەو نەخوێندەواری لەناو خەڵکی کەمپەکاندا بەتایبەت ژنان جارێکی دیکە هۆکارە بۆ قورستربونی باری سەر شانیان.

هاوکات شێریێ تاڵەبانی، وەك بەڕێوبەری رێکخراوی سید، لە پانێڵەکەدا، باسی لە پلانی رێکخراوەکەیان بۆ بەرەنگاربونەوەو چارەسەرکردنی پرسی قوربانیانی توندوتیژی سێکسی کردو ئاماژەی بۆئەوەکرد: پلانی باش و تۆکمە کە خزمەت بەم قوربانیانە بگەیەنێت، بریتییە لە چارەسەری دەرونی و دابینکردنی پێداویستی رۆژانەیان و شوێنی حەوانەوەو بەدیکۆمێنتکردنی روداوەکان، کەئەمەش لەگرنگترین ئەو خزمەت گوزارییانەن، ئێمە وەك رێکخراوی سید پێشکەشی قوربانیانی ئێزیدیمان کردووە.

شێری تاڵەبانی، ئەوەشیخستەڕوو: بۆ کاری لەپێشینەی رێکخراوەکەیان دەکات بەوەی دەبێت رێگری بکەن لە بەکارهێنانی قوربانیانی ئەو تاوانە کەبەشێکی زۆریان ژن و منداڵن.

هەروەها دەشڵێت: پەراوێزخستنی قوربانیانی ئێزدی چ لەلایەن حکومەت و چ لەلایەن رێکخراوەکانەوە هۆکاری سیاسی لەپشتەوەیە کە بەداخەوە هاتنی داعش هێندەی تر پشتگوێ خستنەکەی زەقکردەوە.

دەرمانخانەی فەخری ناوێك لەسەر زاری هەموان

٦٠ ساڵە بەردەوام چارەسەری نەخۆشانی کەرکوك دەکات

دکتۆر فەخری عومەر شەریف، دەرمانسازێکی کوردی دێرینی شاری کەرکوك بوو، لەساڵی ١٩٥٩ـەوە لە شەقامی کۆماری(جمهوری) کە لەسەردەمی پاشایەتیدا بە(شەقامی فەیسەڵییە)ناسرابو، دەرمانخانەی فەخری بەناوی خۆیەوە دادەمەزرێنێت کە ماوەی شەست ساڵە خزمەتی بە هاوڵاتیانی شاری کەرکوك دەکات و خەڵکی بۆ وەرگرتنی دەرمان لەو سەردەمەدا روویان تێکردووە.

دەرمانخانەی فەخری هاوشان لەگەڵ دەرمانخانەیەکی دیکە کە خاوەنەکەی ئەرمەنی بوو بونە دوو دەرمانخانەی گرنگ لە شەقامی کۆماری کە لەو سەردەمەدا هەبوون .

لەبەرامبەر دەرمانخانەی فەخری شەقامی پزیشکان یاخود (شارع الاطباء) دەستپێدەکات کە نۆرینگەی بەشێکی زۆر لە دکتۆرەکانی ئەم شارەی لێیە، شەقامی پزیشکان لەوسەردەمەدا بەشێك بووە لەگەڕەکی بەگلەرو شاترڵو کەدانیشتوانەکەی بەزۆری مەسیحی بوون، هەروەك کوردو تورکمانیش تێدا هەبوون.

بەو پێیەی دکتۆر فەخری دەرمانسازێکی شارەزاو لێوەشاوە بوو لەوسەردەمەدا ، هەرچی کوردی شاری کەرکوك هەبوون بۆ وەرگرتنی دەرمان روویان تێدەکرد، هاوکات لەو سەردەمەدا بەجۆرێك ناوبانگی پەیداکردبوو، کە خەڵکی بۆ سەر ئێشەیەك روویان تێدەکرد، چونکە زۆر بەجوانی و دروستی شێوازی بەکارهێنانی دەرمانەکانی لە هاوڵاتیان دەگەیاندو یارمەتی زۆری خەڵکی هەژارو کەمدەرامەت و لادێ نشینەکانی دەدا ، ئەمەش هۆکار بوو بۆ ئەوەی تائێستاش ئەو سەداو ناوبانگەی خۆی کە هەیبووە هەر بمێنێت.

لەو سەردەمەدا نەخۆشخانەی کەرکوکی گشتی ناوی نەخۆشخانەی مەلەکی بوو، جەراحێکی تێدابوو کە دکتۆرێکی ئەرمەنی بوو بەناوی (پۆلدی مەلیك) کەبە منداڵی لەگەڵ باوباپیری لە کوشتارگەکەی ئەرمەنیەکان کە لەلایەن عوسمانیەکانەوە ئەنجامدرا رزگاریان بوو بوو ، دواتر هاتبوونە شاری کەرکوك.

دکتۆر فەخری لەسەردەمی پاشایەتییەوە لەشەقامی کۆماری دەرمانخانەکەی هەبووە، کەلەو سەردەمەدا شوێنی دوکان یاخود دەرمانخانەکەی و تەواوی دوکانەکانی ئەو گوزەرە ماڵ بووە.

هێنانی دەرمان لەوسەردەمەدا بەجۆرێك بووە کە چەند کۆمپانیایەك لە رێگەی شەمەندەفەرەوە دەیان هێنایە بەغداو لەوێشەوە کۆگای تایبەت بەدەرمانیان دادەمەزراندو هەر لە بەغداوە بە شەمەندەفەر رەوانەی کەرکوك دەکرا .

شەقامی کۆماری لەساڵی ١٩٣٣وە هەبووە، بەڵام لەسەردەمی عەبدولکەریم قاسم و لەساڵی ١٩٥٨ ئەو ناوەی لێنرا.

لەبیرەوەرییەکانی دکتۆر فەخری لەسەردەمی گەنجیداو کاتێك خوێندکاری زانکۆ دەبێت ، لەگەڵ هاوپۆلەکانی بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە روو دەکەنە سەلمان پاك یاخود تاقی کیسرا، کە هەر لەو بۆنەیەدا رەوانشاد سەرۆك مام جەلالیش ئامادە دەبێت.

لەساڵی ٢٠١٩ دکتۆر فەخری کۆچی دواییکرد.

پیربوون

لە تەمەنی ١٠ بۆ ١٣ ساڵییەوە دەستپێدەکات

چاو یەکێك لەگرنگترین و سەرەکیترین ئەندامی جەستەی مرۆڤە کە لەگەڵ هەڵکشانی تەمەن گۆڕانی بەسەردا دێت و نیشانەکانی پیربوونی زووترو بەر لەهەر ئەندامێکی دیکە تێدا دەردەکەوێت .

گرنگترین نیشانەکانیش پیریش کە لە چاودا دەردەکەون بریتین لە چرچ و لۆچبوونی دەوروبەری چاوو تەنك بونی پێڵوی چاوو قوڵبوونی ژێر چاو .

لەفیچەرێکی تایبەتی کەناڵی ئاسمانی کەرکوك دکتۆر هێمن زەمان، پسپۆر لە بواری نەشتەرگەری جوانکاری ئاماژە بە سەرەتای پیربوون لەتەمەنی مرۆڤدا دەکات و دەڵێت: زۆر کەس پێیوایە نیشانەکانی پیربون دەبێ لە تەمەنێکی زۆردا دەرکەوێت بەپێچەوانەوە لەگەڵ تەمەنی خودناسین کە (١٠بۆ١٣) ساڵی تەمەنی مرۆڤ دەکات پرۆسەی پیربوون دەستپێدەکات، بەڵام نیشانەکانی درەنگتر دەردەکەوێت.

لە فیچەرەکەدا سەبارەت بە چارەسەری کێشەی چرچی دەوروبەری چاو دکتۆر هێمن ئاماژە بۆئەوەشدەکات: ئەم کێشەیە دەتوانرێت بە دوو شێواز چارەسەر بکرێت، یەکێکیان؛ بە بەکارهێنانی پلازما کە لەرێگەی ئامێرێکەوە تیشکی پلازمای بە گەرمییەکی تایبەت کە دەبێتە هۆی توندکردنەوەی ئەو چرچییانەو هانی گەشەی کۆلاجینی پێست دەدات، ئەمەش بۆ ئەو کەسانەی لەسەرەتای چرچ و لۆچبوونی دەوربەری چاویانن و رێژەکەی کەمە.

هەروەك ئاماژە بەرێگای دووەم دەکات بە لابردنی چرچ و لۆچی یاخود پێستی زیادەی سەرچاو یاخود ژێرچاو بە ئەنجامدانی نەشتەرگەری بڕینی ئەو پێستە زیادەکەیە، ئەویش سەرەتا بەدیاریکردنی ئەو شوێنەی کە لادەبرێت و پاشان بە بەنجی خۆجێیی مەوزوعی لەماوەی یەك سەعاتدا نەشتەرگەرییەکە ئەنجام دەدرێت.

هەر لە فیچەرەکەدا گرنگترین رێنماییەکان بۆ بە تەندروست مانەوەی چاو دەخاتەڕوو، ئەویش بەبەکارهێنانی کرێمی تایبەت بە دەوروبەری چاوو خواردنی خۆراکی تەندروست ئەنجامدانی وەرزش.

لە هەموی گرنگتر خوی تاندروست کەزۆر گرنگە بۆ چاو بەتایبەت لەناو گەنجان کە زۆر بەکارهێنانی مۆبایل و درەنگ خەوتن هۆکاری سەرەکین بۆ چرچ و لۆچبوونی پێڵوی چاویان لەتەمەنێکی زوتر.

سبل التفوق والنجاح في تقديم البرامج التلفزيونية المتميزة



زيد محمود علي- محرر صحفي

بديهي هنالك العديد من القنوات التلفزيونية في واقعنا الحالي ، وفي العالم ، جميعها تعمل في تقديم البرامج ولكن هل هنالك توجه الإدارات التي تقوم بتقديم البرامج بوضع تقييم ودراسة ومنهاج علمي لخوض العمل بإبداع من اجل كسب الجمهور المتابع للتلفزيون ، وما علينا الا هو التأثير على احساس ونظر المتلقين من عشاق مشاهدي التلفزيون ، وما يقدم لهم من برامج متميزة ، وهذا يعتمد على عمل جماعي وقيادة يمكنها تحقيق الأهداف التي تسعى اليها الادارة الناجحة ، وقبل كل شيء يتطلب معرفة اتجاه الرأي العام وماهي اهتماماته ويجب التعامل مع هذه الحالة بالطرق الموضوعية والعلمية .

وهنالك نقطة مهمة في عرض البرامج النوعية والمتنوعة ،وان اهم شيء في البث التلفزيوني هو اختيار الفكرة وتحديدها ، وهذه تعتمد على عناصر جديدة ومبتكرة وجذابة وبسيطة وغير معقدة ٠ وهنالك اهم شيء لجذب المشاهد والسيطرة على حواسه ولا سيما إيجاد تصوير ناجح ومتميز لخلق رؤية مؤثرة وجذابة ، وليكن في علمنا ليس كل عرض او تصوير او أفلام او اي شيء يعرض يكون مقبول لدى المتلقي ،على إدارة التلفزيون ان تكون متفحصة للإنتاج وتقييم ذلك على مدى تاثيره على عقل وحراس المشاهد ،وأنتم ادرى فأن كل عنصر من عناصر التصوير التلفزيوني له قواعده الفنية والإبداعية ، التي تجعلنا ان نميز بين مخرج ومخرج وحتى بين مقدم برنامج وآخر ، نحن نحتاج الى مقدم له إمكانية التقديم يمتاز بأسلوب التعامل مضاف له خطابه اللغوي الواضح والجيد ، يتطلب ان نلاحظ كل ذلك ، وما على الادارة هو التوجيه وتقديم أفضل الملاحظات للكوادر الفنية التي تقوم بتقديم البرامج ، ويكمن نجاح أية محطة تلفزيونية في اثارة المشاهد على كافة الاصعدة الاجتماعية والثقافية والسياسية والاقتصادية ، ولكن ليس على عمل الفرد دون منهاج جماعي وكل ذلك يحتاج الى محترفين وموهوبين وليس على تعبئة وظيفة شاغرة كما يحدث في الوظائف التقليدية لان الاعلام هو سلاح الجهة التي تستخدمه في إثبات وجود الاعلام المرئي بجدارة مع توظيف الخطاب الإعلامي والسياسي ، يبقى على المشاهد ان يفرق بين الاعلام الذي يعتمد على الموضوعية وعلى مراعاة القيم الاجتماعية والمنطقية في طرح المواضيع البعيدة عن المهاترات والخروج عن القيم الاجتماعية حتى ولو كان له شعبية لان هذه الشعبية مؤقته حين تنكشف الحقائق ويكون الحق هو سيد الموقف ، وهو الذي يجب مشاهدته ويبقى التلفاز حالة موضوعية وأكثر وسائل الاتصال الجماهيرية أهمية وتاثيرا نظرا لما يتمتع به من خصائص ومميزات يتفوق بها عن غيره من وسائل الاتصال الجماهيرية الاخرى والتلفاز يقدم مواد عبر قوالب وأشكال متعددة ،قرأت موضوعا في هذا الخصوص ، مترجم يتحدث عن مستشارو التلفزيون ، حيث جاء ((ان هؤلاء لن يظهر وجه او اسم مستشار التلفزيون في نشرة الأخبار المسائية ،لكن هذا الخبير الذي تم تعينه للعمل خلف الكواليس ،يمكن ان ينسب اليه الفضل في تحويل نشرة اخبار محطة تلفزيونية الى برنامج ناجح))١ ويحقق تقييمات أعلى ومزيدا من الأرباح من خلال امتلاك احساس قوي بمعرفة مايريد الجمهور رؤيته٠ فهو خبير يعرف في اي وقت ان نضع البرنامج الفلاني ليلا ومنهم عصرا فهو فعلا خبير له توقعات وتخمين لعقلية الجمهور المتلقي والمتابع للتلفزيون الخاص به .

بديهي ان خبراء التلفزيون يبقون عاملين دون توقف وهم القوة المهمة في تطوير العمل التلفزيوني ومعرفة الجمهور الذين يتابعون التلفزيون ، وهدفهم هو كيفية كسب جمهور اكبر ليتابع التلفزيون ،وعلما ان انتاج برنامج تلفزيوني على هذه الصيغة يحتاج الى ((العمل الجماعي ،وان الصحفي والمنتج والمعد والمقدم والمخرج هؤلاء جميعهم لاعبين مهمين في إنجاح البرامج ولكي لا نقع في خلاف يجب على كل شخص من العاملين ان يقتنع بأن الهدف هو إنجاح البرنامج وليس اضهار شطارة الفرد ،))٢ يعني مايقصد به هنا هو إنجاح البرامج الذي يعتبر الركيزة وليس نجاح الأشخاص ،لان الهدف الأساسي هو البرنامج الذي يكون الهدف النهائي ، حسب خطط الخبراء والاداريين والمشرفين وعلى سبيل المثال ان هنالك برامج يتم المتابعة من قبل المشاهدين والمتابعين ، ومثال على تلك البرامج التي أصبحت عشق الجمهور مثل حلقات الدرامية عرضحالجي والتي تقدم من قناة الشرقية من تمثيل قاسم الملاك الفنان المتميز وكذلك برنامج عائلتي تربح لمقدم البرنامج جواد الشكرجي والذي يقدم من خلال شاشة ام بي سي العراق . وبرنامج ذا فويس الذي يقدم من قناة ام بي سي ١ وكان يديره دائما أربعة فنانين كبار أمثال الفنانه احلام ، وكاظم الساهر، وحسن الشافعي ملحن من مصر، وشيرين المطربة المصرية، وغيرهم لان البرنامج يقوم بتغيير الوجوه كل عام مرة، وكذلك برنامج الشوط الثالث البرنامج الرياضي الذي يقدم من قناة الشرقية، وهكذا حينما تطرقنا الى البعض من البرامج، بل كان تأكيدنا على البرامج المتميزة والمقبولة لقوتها الفنية ومتابعتها من قبل الجمهور والمشاهدين في العراق والدول العربية، وهنا كي نكون على بينة ان علينا حينما نديرمكان يشرف على تلفزيون او أية قناة علينا معرفة قدرة البرنامج وتقبله لدى المشاهدين وهنالك طرق عديدة لمعرفة مانقدمه وماهي رغبة المشاهدين في معرفة رغبتهم للبرامج وهي الطريقة التي ننتهجها في تحليل وتقييم البرامج التي نقوم بعرضها ، وماهي قوتها الفنية لكي تخترق إحساسات وعقل المشاهدين ....؟

مرجع
١- yorfuturewisconsin close Button
٢- دورة الصحفيين الدوليين ijnet

الموسيقى لغة الشعوب

أوات كاكه ئي

كان للموسيقى ومازال دور في التواصل بين بني البشر والقريب بينهم فلغة الموسيقى مفهومة لدى الجميع ولاتحتاج إلى ترجمة أو تفسير.

والموسيقى موجودة مع وجود الهواء كونها تتولد من تصادم الأصوات بالهواء.

ولانعنى بالموسيقى هنا الأصوات التي تصدرها الآلات الموسيقية فحسب بل ان كل مايصدر حولنا من أصوات ماهي الموسيقى طبيعية تتسلل من خلال الاذان لتخاطب العقول وتستحث الحواس تحرك المشاعر.

والموسيقى قد تكون مريحة باعثة للراحة وقد تكون مزعجة باعثة للانزعاج كما في أصوات الانفجار آت والبرق والزلازل والأصوات الناتجة من تصادم الأشياء بقوة وبشده لكتلتين مختلفتين.

تدخل الموسيقى او الأصوات الموسيقية في تراتيل والطقوس لمختلف الديانات حيث تتغير هذه الوسيلة المستخدمه من دين إلى آخر ومن معتقد لآخر لكن جميعها تصب في اشعار النفوس بالراحة كمحاولة للترغيب والحبيب بطريق الخير والصلاح

نسمع بعض الشعوب يستخدمون التراتيل والترنيماا أثناء الطقوس الدينية والبعض الاخر يستخدم الآلات الموسيقية القديمة والحديث والبض الاخر يؤذن فيهم أصحاب أصوات الجميلة بايقاعات صوتية لفظية جميلة موسيقية تنطلق من أماكن العبادة ايكانا بحلول وقت الصلوات.

الأصوات الموسيقية أذن هي مقدمة للدخول إلى العبادة بطمأنية وامان وارتاح مما يبعث روح التسامح في ذات الإنسان أثناء مناجاة خالقة ومعبوده.

وفي مجتمعاتنا الشرقية تتسم الموسيقى بالحزن والسجن الذي يولده (تون الربع) الموجود في الموسيقى الشرقيه مما يجعل الموسيقى سبيلا لترقيق النفوس والأقارب بين الأرواح وتموتين العلاقات الانسانية وهذا الأمر انعكس على مجمل علاقاتنا وعاداتنا وتقاليدنا وموروثاتنا الشعبية.

هكذا نرى في مجتمعنا العراقي اليوم ان الموسيقى اسهمت في التقارب بين المكونات المختلفة من مسيحيين وأيزيديين وبهائيين وكاكائيين وشبك وتركمان والصائبة والمندائية.

نعم ان الموسيقى والمقامات الشرقية والشعبة والاغاني الفلكورية وتداولها ليوما هذا خلقت نسيجا شرقيا من مكونات مختلفة تحت كلمة واحدة الا وهي الانسانية، لقد حملت الموسيقى رسالة تلم شمل المذاهب والطائف لتكون مصدر تنوير للانسانية وعنوانها لوحدها.

زمانی جەستە زانستی سەردەم

زمانی جەستە لەجیهاندا وەکو زانستێك دەیان لێکوڵینەوەو توێژینەوەی گەورەی لەسەردەکرێت، وەکو زانستێك لەناوەندەکانی خوێندندا دەخوێندرێت بۆئەوەی بتوانین بەشیوازێکی دروست جوڵەکانی جەستەمان و زمانی جەستەمان لەگەل زمانی گفتوگۆدا هاوتەریب یەك بگرێتەوە، زانایانی ئەم بوارەش چاو بەکاریگەرترین ئەندامی لاشەی مرۆڤ هەژماردەکەن لەدەرخستن و ناردنی پەیامەکاندا بەباش یان بەخراپ، لە دیدارێکدا لە بەرنامەی پەرەنگی کەناڵی ئاسمانی کەرکوك، کە لە پێشکەشکردنی مامۆستا (سامان سلاح)ە، میوانداری مامۆستا (ئەندام عەبدولکەریم) راهێنەری زمانی جەستەیکرد، و تێیدا گرنگی زمانی جەستە و زمانی جەستە لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا و خۆی لەچیدا دەبینێتەوە روونکردەوە.

*** زمانی جەستە چییە؟**

- بەکۆی گشتی ئەوپەیامە ئەرێنی و نەرێنیانە دەوترێت لەناخی مرۆڤدایەو لەرێگەی ئاماژەو جوڵەکانی جەستەوە دەردەکەوێت، نێردراوەکانی ناخی مرۆڤە لەرێگەی جوڵەوە بەدەردەکەوێت، زانایانی دەروونناسی دەڵێن مرۆڤ بەگشتی لەئەندامەکانی لاشەیدا لەکاتی گفتۆگۆکردندا هەست بکات یان هەست نەکات ٢٥٠ هەزارپەیامی ئەرێنی ونەرێنی دەردەکەوێت، بەکۆی گشتی ئەم جوڵانەی جەستە پێی دەوترێت زمانی جەستە،گرنگی زمانی جەستە لەوەدایە هەندیك کات چەند چرکەیەك پێش زمانی قسەکردن دەکەوێت .

***هەندێك جار هەردوو زمانەکە یەکدەگرێت، چۆن زمانی وتن و زمانی جەستە یەکدەگرن؟**

- گەورەیی و گرنگی ئەو مرۆڤە لەوەدایە هەردوو زمانەکە یەکبگرن ئەوکات کەسەکە بەهێزتر دەردەکەوێت ،جوانتر دەردەکەوێت وکاریگەری زیاتردەبێت .

***چارلی چاپلن ئەفسانەی ئەم بوارەیەو توانیویەتی پەیامێکی زۆر بەبێ وتن بگەیەنێت کەواتە لەزمانی جەستەدا دەتوانین پەیامی ئەرێنی و نەرێنی بگەیەنین و چۆن جیای بکەینەوە؟**

- کاتیك لەگەڵ بەرامبەرەکەت گفتوگۆیەك دەکەیت زەردەخەنەیەك دەبێتە هۆی گەیاندنی پەیامێکی باش وکاریگەر، یان کاتێك ساردو سڕییەك بەجەستەتەوە دیارە یان شێوازی دانیشتن و دانانی قاچەکانت ئاماژەیەکە بۆئەوەی لەوگفتوگۆیە ڕازی نیت و بەتەمای هەستانی، هەندێك کات دەبێت لەرێی تۆنی دەنگەوە کەسی بەرامبەر بخوێنیتەوە .

***زمانی جەستە چی گرنگەیەکی دروستکردووە لەپەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا ؟**

-هەرجوڵەیەکی مرۆڤ، زمانی جەستە ڕۆڵی تێدا دەبینێ ،لەتەوقەکردنێکەوە دەزانی بەرامبەرەکەت چۆنەو چی دەوێت بەتایبەتی کاتێك سەرکردە سیاسییەکان بەیەکدەگەن وتەوقە دەکەن هێزو فشارو هەڕەشەو خۆشەویستی زۆر بە ئاماژە بەرامبەر یەك بەکاردەهێن، کەسانێکی زۆریش درك بەو ئاماژانە دەکەن، بۆنمونە گوشینی دەستی بەرامبەر ئەوە خۆی لەخۆیدا فشارە، یان تەوقەکردنێکی ساردوسڕ نیشانەیە بۆئەوەی هاوڕانیت لەگەڵ بەرامبەرەکەتدا ، یان هەندێك جار نیشانەیە بۆ لەخۆباییبوون، وەستان بەپێوە وەك ژمارە(١١) یان دەست لەنێودەستی خۆت ئەوپەڕی متمانە بەخۆبونە ،هەندێك کات لەکاتی وێنەگرتندا گرفتی ئەوەمان بۆ درووست دەبێت دەستەکانمان چی لێبکەین، باشتر وایە دەستەکانمان بەربدەینەوە، یان دەست لەناودەست بین، گرنگە زمانی جەستە لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا لەگەڵ مناڵەکەتدا دەردەکەوێت کاتێك دەتەوێت پەیامێکی پێبگەیەنی دەبێت چاوسورکردنەوەو پەنجەراوەشانی تیدانەبێت، زانایان وپسپۆرانی ئەم بوارە، پەنجەراوەشاندن بەبڤە ناودەبەن، هەندێك کات کێشان بەمێزەکەی بەردەمتدا پەیامێکی ناشرین نیشان دەدات.

***کاریگەری زمانی جەستە لەنێوان مامۆستاو خویندکاردا چییە ؟**

- دەبیت جوڵەی جەستەو زمانی گفتوگۆت پێکەوە یەکبگرنەوە، مامۆستاش دەبێت وابێت کاتێك تۆ باسی هیزومتمانە دەکەیت بۆنمونە نابێت دەستت لەگیرفانەکانتدا بێت، چونکە خۆت بەبێهێزی پیشان دەدەیت لەوکاتەدا ، دەبێت مامۆستا بزانێ لەکوێ ڕادەوەستێت، چۆن خۆی پیشانی خوێندکارەکانی دەدات چۆن دەستەکانی دەجوڵێنێت وچۆن سەرنجیان رادەکێشێت، چونکە هەندێك کات فێرخواز ئامادەنییە دە خولەك لەپۆلێکدا گوێ بگرێت، هۆکارەکەشی ئەوەیە ئەم زانستەمان نەخوێندووە، بەڵام لەهەموو جیهاندا بایەخی پێدەدرێت، پێویستە مامۆستا هەموو لاشەی لەفێرخوازەکانیەوە دیاربێت و لەناوەڕاستی پۆلدا بێت وهەندێ جارجوڵە بکات وخۆی پیشانی هەموان بدات.

*** شێوازی دانیشتنی ئەوکەسانەی دەیانەوێت قسەبکەن یان وتارێك بدەن تاچەند کاریگەری دەبێت بەرامبەربینەرو گوێگر؟**

- بیگومان جۆری دانیشتن وجوڵەی دەست و تۆنی دەنگ خۆی لەخویدا پەیامێکە، دەبێت گوێگرو بینەر لێی تێبگەن، هەندێك کات کەسێکی سیاسی چەند خولەکێك بدوێ تۆ دەزانی پەیامەکەی چییەو بۆچییە، چونکە دەرکەوتن گرنگەو دەبێت بەوریاییەوە هەڵسوکەوت بکەیت، چونە هەندێك کەس لەکاتی وتاردان پێیوایە بەدەنگ بەرزکردنەوە هێز پیشان دەدات، نەخێر بەپێچەوانەوە لەوکاتەدا بێهێزی پیشان دەدەی.

*** لەزمانی جەستەدا چاو چ رۆڵێك دەبینێت لەکاتی گفتوگۆکردندا؟**

- زانایانی ئەم بوارە چاو بەکاریگەرترین ئەندامی لاشەی مرۆڤ هەژماردەکەن لەدەرخستن وناردنی پەیامەکاندا بەباش یان بەخراپ، چونکە چاو سۆزوخۆشەویستی

لەکاتی گفتۆگۆکردنی مرۆڤ ٢٥٠ هەزارپەیامی ئەرێنی ونەرێنی دەردەکەوێت

دەردەبڕێت، دەگری، خەمباردەبێت، هیزدەنێرێت،هەڕەشەدەکات، چاو ڕاستی ودرۆ دەردەخات ،کاتێك کەسێك قسەت بۆ دەکات پێویستە بڕوانیتە چاوی .

*** پێشکەشکارێك یان بێژەرێك کەدەبێتە میوانی زۆربەی ماڵان وهەموو تەمەنەکان دەیبینن چۆن بتوانێ زمانی جەستەی بەباشی بەکاربهێنێت ؟**

- بەداخەوە هەندێك لەپیشکەشکارەکان ئەزمونی باشیان لەزۆر بواردا هەیە، بەڵام شارەزاییان لەزمانی جەستەدا نیە ،بۆیە دەبێت لەو بوارەشدا خۆیان دەوڵەمەندبکەن ،چونکە هەندێك کات بەئاماژەیەك دەتوانێت زووتر پەیامەکەی بگەیەنێت و خەڵکانێکی زۆر دەیبینن، هەرچەندە کەسانی زۆر باشیشمان هەیە لەو بوارەدا کەشارەزاییان هەیە لەزمانی جەستەدا.

*** لەکاتی رۆشتندا چۆن کەسەکان بخوێنینەوە ؟**

- باشترین دەرکەوتن بۆخاوەن کەسایەتی بەهێزو خاوەن متمانە کاتێك بەرێدادەڕوات پێویستە سینگی بەرزبکاتەوە شانی نەخەوێنێت ئاڕاستەی ڕوخساری بۆپێشەوەبێت وهەرجارەی بۆشوێنێك نەڕوانێ بەبێ هۆ، بەشێوەیەکی مام ناوەند ڕێبکاتو دەست نەخاتە گیرفانەکانیەوە

***لەکاتی خەوتندادەتوانین کەسەکان چۆن بخوێنینەوە؟**

-هەنیك کات لەخەودا کەسەکان دەبینین دەستیان لەژێرگوێیان داناوە زۆر بیردەکەنەوە یان خەمبارن یان شەکەتو ماندوون.

*** مامۆستایانی ئاینی چۆن دەتوانن لەرێی زمانی جەستەوە پەیامی پیرۆزی ئاینی ئیسلام بگەیەنن، هەندێکیان وتارەکانیان توندەو هەندێکیان نەرم ونیانن کاریگەری ئەم دوو لایەنە چییە؟**

- زۆر لەمامۆستایانی ئاینی لەڕێی زمانی جەستەوە کاریگەری زۆر دروست دەکەن وجوڵەکانیان لەشوێنی خۆیەتی ،مامۆستاشمان هەبووە باسی نەرمونیانی کردووە ،بەڵام بەهاوارکردن و دەنگی بەرز پەیامەکەی گەیاندووە، کەچی لەباسێکی ئاوادا دەبێت خۆت نەرمونیان بیتو دەنگت داگریت،ئەم مامۆستا بەڕێزانەش پێویستە زانیاری تەواویان لەم هونەردا هەبێت ،چونکە هەموو چینوتویژەکان ڕوو لەمزگەوتەکان دەکەن، دەبێت بەئاماژەو جوڵەکانیان کاریگەری تەواو دروستبکەن لەسەرنوێژ خوێنان وئامادەبوان.

***لەزمانی جەستەدا گەستنی پەنجە چیمان پێدەڵێ وئاماژەیە بۆچی؟**

-پەنجەگەستن هەندێك جار ئاماژەیە بۆ خەموخەفەت یان بۆ هەڕەشە ،بەڵام بەگشتی ئاماژەیە بۆدرۆکردن،یان لێوگەستن یان لامل خوراندن ،لێو وشکبوون، شڵەژان ، ڕەنگ گۆڕین ، ئارەقکردن، ئەمانە ئاماژەن بۆ درۆکردن وشەرمەزاری ،یان هەندێك کات مشتەکۆڵە کێشان بەناولەپدا ئاماژەیە بۆ پەشیمانی ،جێی داخ،هێز، هەندێك کات چەند جوڵەیەك پێکەوە لێکدەدەیتەوە ئەوکات دەتوانی کەسی بەرامبەربخوێنیتەوە، یان تەقانی پەنجەوخۆ سەرقاڵکردن بەنینۆکەوە ئاماژەیە بۆ دودڵی وشڵەژاوی هەندێك کاتیش خووە .

*** لێکۆڵەر لەدادگا چۆن بتوانێ لەدۆخی تاوانبار تێبگات؟**

-ئەگەر لیکۆلەر شارەزاییەکی باشی لەم هونەرەدا هەبێت بەئاسانترین شێوە دەتوانێت ئەوکەسە بناسێت کەلێکوڵینەوەی لەگەڵدا دەکات، ئایا کەسێکی تاوانبارە یان بێتاوانە.

***لەکۆتاییدا پێمان بڵێ پەیوەندی چییە لەنێوان زمانی جەستەو کەسایەتی مرۆڤدا ؟**

-ئەمانەی کەباسمان کرد بەشێکی سەرەکییە لەدروستکردنی کەسایەتی بەهیز بۆنمونە لەم دیدارەدا من چۆن کەسایەتی خۆم پیشاندا بەباش یان بەخراپ، یان پەیوەندی تۆ لەگەڵ دەوروبەرەکەت ،لەجێگەی کارەکەت دەبێت یەکەمین دەرکەوتنت بزانی چۆن دەبێت بەگشتی لەریی زمانی جەستەوە دەتوانیت لەکەمترین ماوەدا خۆت بەدەوروبەر بناسێنیت.

سییەکانی کەرکوك تووشی شێرپەنجە دەبن

دارستانی شەناغە، لە قەزای دووبزی خۆرئاوای کەرکوك، رووبەرەکەی بە سێ هەزار دۆنم دەخەمڵێندرێت، سەردەمانێك لانەکەی چەندین ئاژەڵی کێوی بووە و لەلایەن پسپۆرانی ژینگەوەش بە سییەکانی کەرکوك دادەنرێت.

دارستانی شەناغە، بە گەورەترین و دێرینترین دارستانی کەرکوك هەژماردەکرێت، بەڵام لەئێستادا بەهۆی کەمی رێژەی باران بارین و بڕینەوەی بەردەوامی دارەکان و سوتاندنیان، هێدی هێدی تووشی لەناو چوون دەبێتەوە.

دارستانەکە لەلایەن حکومەتەوە تەنها ٤ کارمەندیان بۆ پاسەوانیکردن بۆی داناوە، بەڵام وەك خۆیان باسیدەکەن، ١١ مانگە هیچ مووچەیەکیان وەرنەگرتوە.

خەسرەو مستەفا، یەکێك لە پاسەوانەکانی دارستانی شەناغە، رایگەیاند: گرفتەکانمان زۆر زۆرن، بەهۆی کەمی ژمارەی پاسەوانەوەش ناتوانین بە تەواوی رێگری بکەین لە بڕین یان سوتاندنی دارەکان.

وتیشی: داواکارین لە حکومەت ژمارەی پاسەوانەکان زیاد بکات و مووچەی ئێمەش کە نزیکەی ١١ مانگە نەیناردوە خەرجبکات.

دروستکردنی غەسالە و کەمکردنی ئاوی زێی بچوك هۆکارێکی دیکەیە بۆ دارستانی شەناغە، کە تووشی وشکبونیکردۆتەوە.

لەوبارەیەوە، حوسێن رەشید، پاسەوانێکی دیکەی دارستانی شەناغەیە، دەڵێت: بەهۆی کەمبوونەوەی ئاو بەشێك لە دارەکان وشکبوونەتەوە، چونکە ناگاتە دارەکان، هەروەك دروستکردنی غەسالە بوونەتە هۆکارێکی دیکە بۆ دوورکەوتنەوەی ئاوەکە لە دارستانەکە.

بەوتەی ئەو پاسەوانەی دارستانەکە، لەماوەی دووساڵی رابردوودا لە ٨٠٪ دارستانەکە بە هۆکاری جیاجیاو ونادیار سووتاون، راشیگەیاند: بەهۆی کەمی پاسەوان و نەبوونی ئالیەتی پێویست نەتوانراوە خزمەت بە دارستانەکە بکرێت.

دارستانی شەناغە لە ساڵی ١٩٦٤ وە درووستکراوە و جگە لە سوودی زیادکردنی رێژەی سەوزایی لە رابردوو وەك ناوچەیەکی گەشتیاریش تەماشادەکرا و هاوڵاتیان بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش سەردانی سنوورەکەیان دەکردو باوشی بۆ باڵندە و ئاژەڵەکانی سرووشت دەکردەوە، بەڵام لەماوەی رابردوو بەهۆی کەوتنەوەی ئاگر ٦ هەزار سووتاون .

ژینگەپارێزێکی سنووری قەزای دووبزیش، نەبوونی تەلبەند و پاکنەکردنەوەی دارستانەکە و پشتگوێخستنی لەلایەن حکومەتەوە بەهۆکاری وشکبوونی دارستانەکە دەزانێت.

هەڵۆ غازی، سەرۆکی رێکخراوی دووبز بۆ پاراستنی ژینگە، لەوبارەیەوە رایگەیاند: دارستانەکە پێویستی بە چاککردنەوە و پاککردنەوە و زیادکردنی ژمارەی پاسەوانەکان هەیە.

ئەو ژینگەپارێزە، باسی لەوەشکرد: ژمارەی پاسەوانەکان کەمن و ئۆتۆمبێلی تایبەت بەئاگر کوژێنەوەشیان نییە و لە ئەگەری روودانی کەوتنەوەی ئاگر، داوا لە قەزای دووبز دەکەن بۆ ناردنی ئۆتۆمبێل.

دەرهێنەرانی هەواڵ و پرۆگرامەکانی کەناڵی کەرکوك

یەکەی دەرهێنەران وەك یەکەیەکی گرنگ سەربە بەشی هونەریین، ئەم یەکەیە وەك گرنگترین بەشی هونەری کاری دەرهێنانی تەواوی پرۆگرام و گەشتی هەواڵەکان بە هەرچوار زمانی کوردی و عەرەبی و تورکمانی و سریانی کەناڵی کەرکوك ئەنجام دەدەن چ لەناوەو چ لـەدەرەوەی ستۆدیۆ ، وە بەکۆتا فلتەر دادەنرێن بۆ چوونە پەخشی بەرنامەو هەواڵەکان لەسەر شاشەی کەناڵی ئاسمانی کەرکوك وە پێك هاتون لە شەش کارمەند.

هیوا عارف

وەلید فایەق

دیار صباح

فەرهەنگ عەبدولرەحمان

محمد نورەدین

هیوا عارف ئەحمەد
لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٠
دەرچـــووی پـەیـمـانـگـای تـەکـنـیـکـی کەرکوك
لەساڵی ٢٠٠٤ و لەگەڵ دامەزراندنی کـەنـاڵـی نـاوخـۆیـی کـەرکـوك وەك مۆنتێری پەخش و دواتر مۆنتێرو جێبەجێکاری هەواڵەکان و دواتر وەك مۆنتێرو و جێبەجیکار کاریکردووە .
پاشان و لەگەڵ بوون بەئاسمانی کەناڵی کەرکوك لەساڵی ٢٠١١ وەکو دەرهێنەرو جێبەجێکاری بەرنامە و هەواڵەکانی کەناڵی ئاسمانی کەرکوك کاردەکات.

وەلید فایەق حەسەن
لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٩
دەرچـــووی پـەیـمـانـگـای تـەکـنـیـکـی کەرکوك
مـــاوەی ١٧ســاڵــە وەك دەرهـێـنـەرو جێبەجێکاری زۆربـەی بەرنامەکانی کـەنـاڵـی ئـاسـمـانـی کـەرکـوك کاردەکات.
٨ ساڵ بەڕێوەبەری ژووری کۆنترۆڵی هەواڵ بووە.
دووساڵیش سەرپەرشتیاری رادیۆ FM بووە لەئێستاشدا وەك دەرهێنەرو جێبەجێکاری بەرنامەکان بەردەوامە.

دیار صباح محمد نوري
لە دایکبوی ١٩٨٥
دەرچووي کۆلێژی زمان زانکۆی کۆیە لەساڵی ٢٠١١ وەك وەرگێڕی زمانی (تورکی و عەرەبی) دەست بەکار بووە لە کەناڵی ئاسمانی کەرکووك .
پاشان بۆماوەی (دوو ساڵ) وەك هەواڵسازی بەشی عەرەبی کاریکردووە و دواتر بۆماوەی دووساڵ مۆنتێرو پلەیەر بووە.
ماوەی ٦ساڵیشە وەك دەرهێنەری هەواڵ و بەرنامە بەردەوامە.

فەرهەنگ عەبدولرەحمان قادر
لە دایکبووی ١٩٨٨
لە ساڵی ٢٠١١ دەست بەکاربووە لە کەناڵی ئاسمانی کەرکوك، پاشان بۆ ماوەی ٤ ساڵ وەك مۆنتێر کاریکردوە و دوو ساڵیش لێپرسراوی یەکەی ئێم سی ئاڕ بووە . لە ساڵی ٢٠١٨وە وەك دەرهێنەری هەواڵەکان و بەرنامەکان کاردەکات.

محمد نورەدین عەبدولرەحمان
لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٩
ساڵی ٢٠٠٩ وەك مۆنتێر و جێبەجێکار لەکەناڵی ئاسمانی کەرکوك دەست بەکاربووە.
پاشان و لەساڵی ٢٠١٢ ەوە وەك دەرهێنەری هەواڵ و بەرنامەکان کاردەکات.

هاموەڵاتیێ تورکمانی وە (ماچۆ) قسی کەروو چە کەرکووك

ئاوات کاکەیی

چە یۆ چە کولانەکاو شارو کەرکووکینە چە گەڕەکە و ڕاو بەغدای الواسطی نزیکە و ٥٠ یانا چە کاکەییەکا هەنێ بێجگە ئادیشا تورکمانی و عەرەبی و مەسیحی هەنێ هە کە گرد پێوەرە بە وەشی ژیوا بە دڵنیایۆ چن زوانێ هەنێ چا کولانە نە خەڵکی قسیش پەنە کەرۆ، یۆ چا زوانا گۆرانەن کە چن شێوەزوانیش هەنێ یۆشا شێوەزوانو ماچۆین هەکە خەڵکو گەرمیانی قسیش پەنە کەرا پەنەش ماچا زوانو ماچۆی هەکە فرێ چە خەڵکو بنەماڵەکا ئاگەی پی زوانەیە قسیشا کەردەینە چە قە دیمۆ تا ئیسە کاکەییەکی کەرکووکی پێ زوانیە قسی کەرا.
چی گەڕەکینە فرێ چە خەڵکی وەختێ یۆترینی وینا پی زوانەیە قسی کەرا تا ئا وشی کە مزاناش ئیسفاد ەش چەنە کرراو بەکارش بوارا تا ویرشا نەشووە و ویشا نیشانە بدا کە حەزشا چە فێرببیە و ئی زوانیە نە، وەلی چن کەسێ هەنی تورکمانینی فیرو ئی زوانییە بینی فرە بە ڕوشنی ژیوایشانە قسیش پەنە کەرا پیسە ئانەی ویشا ماچا بە سەربەرزی و شانازیۆ قسیش پەنە کەرمی.
چە بەرنامەو ماچۆ چەمپەنەکەوتێما کەرد چەنی یۆ چی وەشەویسا سەرو زوانی چەنی بی کە ئی زوانەشە ئەژناسا پی تەرزە ویش ئەژناسا.
نامیم سەرمەد سەکران گومەر بەگ نەفتچیەنا خەڵکو شارو کەرکووکینا چە ساڵە و ١٩٧٦ جە ئە دای بیە نا و ئامانا دنیاوە، کارمەندەنا چە دایرە و واردەی چە کەرکووك چە هە مان وەختیچە نە هەرمانەو زەراعەتی و باخداری کە رو چە دەوروبەرو شارو کەرکووکی ساحیبو زەمین و باخو باخاتێ فرەینمی هە کە چە باوایماوە پەیما مەنەنۆ.
پرسیارە ما وەنە کەرد هەکە چەنی فیرو ئی زوانیە بیەی؟
ماچۆ من هەر چە زاڕوڵە بیۆ یانە ما چە گەڕەکە و کاکە بیە کا بی ئاماو لوایما چە نیشا بیەن ڕەفیقە کیم چە کۆڵان و مەکتەب و چ بەرۆ گرد بە ماچۆ قسی کەرینی تا ئا وەختە یچە بیا بە ئە فسەر سوپاو ئیراقینە ئا یاگی من چە نە ش دەوام کەرینی نزیکە و دە نە فە را ئی زوانییە زانینی یاگی واتە ین من بەهۆو ئاشنابیەیم و رە فاقە تم چەنی کاکە بیەکا فیرو زوان و دابو نەریت و ئادیشا بیا.
ئیسە بەردە وامە نا چە هەرمانە کیمە نە و یاگە گیرو ڕاوە بەرو کشتوکاڵینا وەشبەختانە چا یاگینە من هەرمانە کە رو چن کاکە یی هە نی گرد وەختێ بە زوانو ویشا قسی کە رمی پیوەرە.
جەبارەو هورستەی و نیشتەرە ی و هاموشو و پیوەرەژیوای چەنی ئی خەڵکەیە جە وەشی و شادیەکاشانە.
ویرما جارێشا لوایمی پەی تەعزیەو کاکەییێ یوەم جارم بی وەرو ئانەی من ساحیبو سەیارەی گەورەی بینا هەکە خەڵکی بەکری بەرینمی پەی ئا یاگا کە گەرەکشا بی پەبەش واچینمی کوستەر.
یوە م جارم بی نزیکە و ویس نە فە ریم بە ردی پە ی تەعزیێ پە ی دەگا و توپزاوای چە قە زاو داقوقی
منیچ چەنیشا لوانی چوەر، بە ینو ویشانە کە وتی قسەکەردەی و واتو واچ باسو چیواو بەینو ویشا کەرینی، یۆ چانیشا هەکە ئژناسینیش ماچۆ.
هەورەن هەورەن
ئیتر منیچ فێربیا هەکە لوانی ئی یاگا مشیو پیسە واچمی .
چە بارەو ژەنێ هەورامیوە هەکە شوش کە دە ن بە تورکمانێ کەرکووکی ماچۆ و ژەنێ هەوراممییە تیکەڵەنە چە نی یانە و هەسورە یم و خە ڵکو هە ورامانیە نی زوانەکە و ویش چە ویرکە ردە ن و چەویرش شیە نۆ گردجارێ کە می پە یانە یما ماچۆ یاردیم دە خەریکا زوانە کە م چە ویرشیە نۆ ئیتر منیچ یاردیش مد ە و تا ویرش نەشووە.
چە ئاخرو بە رنامە کە ینە باسێش پە یما گیڵناوە هە کە ڕوەش دابی زوو چەنی وەزیرێ بەنامی (ڕ،ع،کاکەیی) خەڵکو گەرەکە و ڕاو بەغداین ماچۆ و کاك ڕ کاکەیی سەیارێش بی منیچ لوانی بسانۆش خێرئامایش کەردیمی.
ماچوو : ئاغام خێرئامای ئی سە یارەمە بە ویمانە یش ورە شو ئانە هیزیچ یۆ تورکمان ئامابی سەیارە کە ش پە نە ورە شو پە نە م نە ورە ت وە ختێ من سە یارە کە م چە نە سانا کوڕەکەش ماچۆ ئنەی کە سە یارەکە ت پە نە ورەت هاوزوانت نیە ن تورکمانە ن ماچۆ واتش موبارەکت بوو با کوڕەکەم هەر پەی ویش واچۆ من باوە ڕش پە نە مە کە رو کە تو تورکمان بی ئە ی ئانە نیا پیسە ویما و بە زوانو ویما قسی کە ردێ.

من اعلام الرياضة الكركوكية

الشيخ ستار عبدالله البرزنجي

* رزكارشواني

منذ تأسيس نادي سولاف الرياضي بمدينة كركوك في العام ١٩٦٩ كان أحد المؤسسين لهذا النادي وقبله كان معلما في مجال الرياضة واستطاع أن يخدمها بجد واخلاص وتفان .. انه شيخ الرياضة الاستاذ ستار عبدالله البرزنجي أدامه الله .. لقد كان الشيخ ستار مثالا للقائد الرياضي المدرسي بدءا بالكشافة مع اقرانه اللذين كان لهم الدور البارز في تطوير الكشافة في كركوك .. ولعل تكريمه بالشارة الخشبية في مجال الحركة الكشفية في ذلك الزمان دفعته للولوج اكثر وأكثر الى معشوقته (الرياضة) بالاضافة الى دوره البارز في مجال كرة الطائرة والسلة و كان أحد ابرز لاعبي منتخب كركوك للعبة والدور الذي لعبه من أجل الارتقاء بلعبة كرة الطائرة ، ومن ثم نيله شهادة تحكيمية من الدرجة الاولى بكرة الطائرة .. لقد شغل الشيخ ستار البرزنجي مناصب رياضية مرموقة في مدينة كركوك منها رئيس الاتحاد الفرعي لكرة الطائرة و رئيس مجلس أندية كركوك وخبيرا رياضيا في ممثلية اللجنة الاولمبية بكركوك بالاضافة الى رئيس نادي سولاف الرياضي .. وفي مجال الاعلام الرياضي فقد عزز موقعه ابان السبعينيات والثمانينيات من القرن الماضي عندما قام باعداد وتقديم برنامجه الناجح (الرياضة والشباب) باللغة الكوردية من على شاشة قناة تلفزيون كركوك فضلا عن كتاباته ومقالاته الرياضية التي نشرها في الصحف الرياضية وهو الذي طبع مؤخرا كتابا ارشيفيا رياضيا نادرا لناديه الام سولاف .. في الحقيقة ان السجل الرياضي للشيخ ستار مليء بالكثير من الانجازات الرياضية التي لا تعد ولا تحصى وهو يعد كنزا وخبيرا رياضيا أنجبته كركوك والذي سيستفيد منه الاجيال الرياضية .. لقد كسب الشيخ ستار البرزنجي ود المئاة من الشخصيات الرياضية في العراق بصورة عامة وكوردستان وكركوك بصورة خاصة نظرا لما قدم من خدمات جليلة للرياضة في العراق عامة وكوردستان بصورة خاصة ويعتبرونه شيخا للرياضة في كركوك .. وتفخر هذه المدينة العريقة وأوساطها الرياضية والاجتماعية والثقافية بوجود هذه القامات الرياضية الذين تركوا بصماتهم الذهبية في سجل الرياضة الكركوكية ..

چۆن یانەکانمان بکەینە یانەیەکی وەبەرهێنەر

نامەیەکی کراوە لەوپەڕی خەمخۆرییەوە تا ئەوپەڕی بەبزنس کردنی وەرزش بۆ یەکێتی تۆپی پێی کوردستان و عێراق.

لەهەر وڵاتێکدا لەسەدەی گەشەکەکردنی کۆمەڵگادا، هەموو وڵاتان کەوتونەتە خۆ بۆ ئەوەی ئەلتەرناتیڤی ئابوریەکی بەهێز بە داهاتی وەرزشێکی بەهێزو بزنسێکی بەهێز بنیاد بنێن، بەڵام حەیفێ یەکێتییەکانی تۆپی پێ ئەو هەموو هاندەرە نابینن دەستە وەستان ڕاوەستاون و تەنها کاریان کڕینی تۆپ و دەرکردنی چەند بڕیارێکی لۆکاڵییە بۆ وەرزش !
دەکرا زووتر ئەم هەنگاوانە بنرایە کەدەیخەمە ڕوو، بەڵام نەچووە بچێت، تکایە گوێ بگرن لەخەمخۆرانی وەرزش !
لەئێستادا هەموو یانەکان بەتایبەتی یانەکانی سنوری سلێمانی خاوەنی هاندەرێکی بێ شومارن، زۆرجار دەیانبینین لەسەر شۆفڵ و گەلابەو خانووەکانەوە تەماشای یارییەکان دەکەن، ئەم جۆرە هاندەرە کە بۆ هەریەك دەیان هەزار ئامادە دەبن دەکرێت بۆ ماوەی لانی کەم وەرزێك بۆ هەر یاریەك تەنها بۆ هەر تاکێك (٥٠٠٠) هەزار دیناریان لێوەر بگیرێت، بەم سەردەمی ڕزگاربوون لەکۆرونایە شوێنی هەزاران هاندەری پێ دروست بکرێت و دڵنیام هاندەرانیش کاتێك دەزانن بۆ ژێرخانی یاریگاکانیانە بێ دوودڵی ئەو پارەیە دەبەخشن، دەکرێت ئەم پارانە لە ڕێگەی لیژنەیەك لە یەکێتییە وەرزشیەکانەوە کۆبکرێتەوەو دواتر هەرجارەو یانەیەکی پێ چاك بکرێت .
ئاخر کاتێك هاندەرانی دەربەندیخان بە پیاوو ژن وکچ ومنداڵ و هتد، دەبینم ژیان وبازاڕ ڕادەگرن، هەموان لە دەوری یاریگایەکی شاخاوین دڵم پڕگریان دەبێت.
سەید سادق دەبینم لەسەر شۆفڵ وحەفارەو سیاجی یاریگا دڵم لای ئەو هاندەرانەیە نەکا کەسێکیان بەربێتەوەو شتێکی لێ بەسەر بێت.
چەمچەماڵ دەبینم لایەکی یاریگای هەیەو سەرۆکی یانەکە لەوپەڕی پەرۆشی ئاڵتونی ژنەکەی دەفرۆشێت، هیندەی تر نائومێد دەبم لە یەکێتی تۆپیی پێی کوردستان.
ئەم هەموو کوڕو کچە جوانە دەبینم لەسەر ئاستی تاك لە پاڵەوانێتییەکانی عێراق و وڵاتان یەکەمن کەس نیە هاوکاریان بکات، لەولاشەوە یانەکانیان بەدەست نەبوونیەوە دەناڵێنن هێندە نائومێد دەبم حەزدەکەم قوفڵێك لە یەکێتی تۆپی پێێ کوردستان بدەم.
داواو تکاتان لێدەکەم وەرن پێکەوە بەو پلانەی پێم وتوون بەرنامەیەك دابنێن و داهاتی هەموو هاندەرە ئامادەبووەکانی یاریگاکان کۆکەنەوەو هەریانەو بەپێی قابیلیەتی خۆی پارەی بۆ تەرخان بکەن، هەرجارەو شوێنی هەزاران هاندەر لەیاریگایەك دروست بکەن، ماوەتەوە بڵێم تاکەی وڵاتان لەسەر ئابووری وەرزشییان بژن، ئێوەش لەبەر بێ پلانیتان یانەکانتان واز لێهێناوەو هەر جارەو لەبەردەم ماڵی بەرپرس و دەوڵەمەندێك سواڵ دەکەن.
هەریاریزانێکیش لەیانەکان توشی پێکان دەبێت دەبێت بە سواڵ وسەدەقە پارەی بۆ کۆبکرێتەوە بۆ چارە سەرەکەی.

دیار عومەر

له گوندی هەرتەلی ناوچەی خۆشناوەتییەوە تێکەڵی سروشتی دڵگیری کوردستان دەبێت

گوندی هەرتەل لە ڕووی جوگرافیاوە سەر بە ناحیەی بێتواتەیە لە قەزای ڕانیە، ئەم گوندە دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی ناوچەی خۆشناوەتی لە دۆڵی بالیسان، بەپێی ئاماژەی سەرچاوە مێژووییەکان(١٩٠٠)ساڵ پێش زاینی ژیان لەم گوندەدا هەبووە.

هاوڕێی ئەم گەشتەمان (کۆمەڵەی شاخەوانی سلێمانی) یە، بەمەبەستی تۆمارکردنی پرۆگرامی (گەشتی هەوار) لەگەڵ تیمەکەم سەعات ٤ی سەرلەبەیانی بەڕێکەوتین بۆ پارێزگای سلێمانی، شوێنی چاوەڕوانی کۆمەڵە شاخەوانییەکە لە پارکی ئازادییەو لەپێشوازی بەشداربووان و تیمی (گەشتی هەوار) وەستاون، پاش سڵاوکردن و خۆناساندن، لەگەڵ ئەو کۆمەڵەیەدا دەستمان بەگەشتەکەمان کرد.

لە گەشتەکەدا زیاتر لە ٤٠ کەس لە هەردوو ڕەگەز بەشداربوون، سەعات ٧ی بەیانی لە گوندی هەرتەلەوە گەشتەکەمان دەستیپێکرد، سەرۆکی کۆمەڵەی شاخەوانی سلێمانی بەناوی سەرجەم بەشداربووانەوە بەخێرهاتنی ستافی پرۆگرامی (گەشتی هەوار)ی کرد لە کەناڵی ئاسمانی کەرکوك، بەو پێیەی ئەم گەشتەمان بەناو ڕەزو باخەکانی گوندی هەرتەل بوو لە ناحیەی بێتواتە، ڕێنمایی سەرۆکی گروپ بۆ بەشداربووان ئەوەبوو، کە زۆر بەوریاییەوە لەگەڵ ژینگەی ئەو ناوچەیە هەنگاوبنێن و لەو کەرستەو پێداویستییانەی کە لە کۆڵەپشتەکانیاندایە بۆیان نییە هیچ میوەیەکی ئەو دارانە لێبکرێتەوەو بەکاریبهێنن، وتیشی: شاخەوانان لە شوێن پێی خۆیان زیاتر هیچ لەو ناوچەیە جێنەهێڵن کە گەشتەکەی بۆ دەکەن، چونکە پاراستنی ژینگە ئەرکی لە پێشینەی ئەوانە .
لەگەڵ گەیشتنمان بە تاڤگەکانی گۆمەشین لە گوندی هەرتەل، پشوویەکمان وەرگرت و ساتێکی خۆشمان بەسەربرد، تاڤگەکانی گۆمەشین بە قەدپاڵی شاخە جوان و سەرکەشەکەی (ماکۆك) شۆڕبۆتەوەو دیمەنێکی جوان و سەرسوڕهێنەریان بە ناوچەکە بەخشیوە.

نانی نیوەڕۆمان لە نێو سێبەری باخەکانی گوندەکەدا خوارد، پاش بڕینی زیاتر لە ١٠کیلۆمەتر کۆتاییمان بە گەشتەکەمان هێناو بەرەو خاڵی دەستپێك بەڕێ کەوتین.

گەشتی هەوار

دوو هەفتە جارێك
شەممە 00: 20
یەك شەممە 00: 11





بۆیەکەمجار خێزانێك لەسەر رووباری ئەڵوەند خواردنگەیەك دروســـــتدەکەن

زۆرن ئەوانەی کەتوانیویانە لەرێگەی بەهرەو کارێکەوە جێدەستیان دیاربێت و زوو بچنە ناوخەڵکەوەو سەرنجی خەڵك بەلای خۆیاندا رابکێشن بەوکارەی کە ئەنجامی دەدەن بۆ ئەوەی ئەم دۆخە قورسەی ژیان تێپەرێنن‌و چاویان لەدەستی حکومەت نەبێ بۆ دامەزراندن.

لەخانەقین و لەسەر رووباری ئەڵوەند بۆیەکەمجار (بەشارو ئاریان) کە دوو هاوسەرن شانبەشانی یەکتر لەخواردنگەیەکی خێزانیدا بۆ بژێوی ژیانیان و وەکو حەزو خولیایەکیش قۆڵیان لێ هەلماڵیوەو خواردنگەیەکیان کردۆتەوەو توانیویانە سەرنجی خەڵکی دەڤەرەکەو گەشتیاران بەلای خۆیاندا رابکێشن، هەربۆیە لەماوەیەکی کەمدا توانییان کارێکی جوان وشایستە پیشانی خەڵك و میوانان وسەردانی کەرانیان بدەن، لەرێی خواردنە پرتام و بەچێژەکەیانەوە ببنە جێی سەرنجی سەردانکەرانیان.

هەرچەندە ئاریان خۆی پێشتر کاری چایچێتی کردووە، بەڵام زۆرکات هاتۆتە ئەم جێگایەی کە ئێستا خواردنگەیەو بیری لەوە کردۆتەوە کە رۆژێك لەرۆژان خواردنگەیەك لێرە بنیادبنێت، بۆ ئەوەی رۆژێك لەرۆژان ئێرە ببێتە شوێنێکی گشتی، هەربۆیە برِیاریدا ئەم بیرۆکەیە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا شەن وکەو بکات وبتوانن لیرە خواردنگەیەك بکەنەوە، بەڵام لەسەرەتادا ئەم باس وبیرۆکەیە بۆخیزانەکەی کارێکی تارادەیەك قورس بوو، چونکە ئەو تەنها کاری ماڵەوەی دەکرد، بەڵام ئەوە نەبۆتە رێگر لەبەردەمیان و دواتر رێککەوتن و پشتی هاوسەرەکەی گرت بۆ ئەم کارە، بەڵێنی دا شان بداتە بەرکارێکی لەم جۆرەو ئەو رێچکەیە بشکێنێت کە دەبێت کچان و ژنان هەمیشە لەکونجی ماڵەوەدابن، داواش لەژنان وکچان دەکات بێنە مەیدانەکەو بەهرەوتواناکانیان بخەنەروو، لەهەمانکاتدا پاڵپشتی هاوسەرەکانیان بن، هەر بۆیە دواتر بۆ ئەو مەبەستە داوایان لەشارەوانی کرد کەجێگاکەیان پێبدات بۆدروستکردنی خواردنگەیەکی گەشتیاری تارِوویەکی جوانی شارەکەیان نیشان بدەن و بەهەموان بڵێن ئێمە دەستەوەستان دانانیشین، هەرزوو شارەوانیش داواکەیانی قبوڵ کرد وجیگایەکەی تایبەتی پێدان.

ئێستا کاتێك میوانەکانی ئەم خواردنگەیە نانێك دەخۆن‌و پشوویەك دەدەن لەگەڵ روانینی ئەلوەندو نۆشکردنی چایەك یان قاوەیەکی تاڵ کاتێکی شیرین لەگەڵ دەنگی خوداد عەلی‌و ئازادخانەقینی وحەسەن هەیاسدا بەرێدەکەن و هەندێك جاریش بە ئاوازو گۆرانی عەرەبی وتورکمانی خەمەکانیان دەدەنە شەپۆلەکانی ئەڵوەندو وپەژارەیان لەشەقەی باڵ دەدات .

میوانەکان و سەردانکەرانی خواردنگەکە بەکارێکی ئاوا لەو جۆرە خۆشحاڵن و دەسخۆشی لەم جۆرە کارانە دەکەن وچاوەروانی شتی باشترو جوانترو بەسود تردەکەن بۆشارەکەیان ، چونکە پێیانوایە شارەکەیان کەسی بەسەلیقەی تێدایە ودەتوانن چەندین شاکاری جوان پێشکەش بکەن.

كفري .. تكريم الاديب و القاص سالار سمين

اقيم في مدينة كفري حفل تكريم الاديب والقاص والشخصية الرياضية الاستاذ سالار سمين، بحضور نخبة من ادباء و مثقفي كفري.

وشهد الحفل التكريمي الذي اقيم على قاعة مديرية الشباب والرياضة بمدينة كفري، القاء كلمات اشادت بالدور الكبير الذي لعبه المحتفى به طوال خمسون عاما من العطاء الرياضي و الثقافي.

من جهته اعرب الاديب والقاص سالار سمين عن سروره البالغ لهذا التكريم الذي اقيم له، مؤكدا على مواصلة عطائه الثقافي بما يخدم ادباء و مثقفي الكورد.

يذكر ان الاديب والقاص سالار سمين من مواليد كفري عام ١٩٤٥، ترعرع وكبر مع اصوات امواج نهرها الخالد (قوشجاپان) في كنف عائلة جده (سمين كجاني) المحبة للأدب، اكمل الدراسات الثلاثة في نفس المدينة، تخرج من معهد التربية الرياضية، وفي عام ١٩٧١ تعين في مدرسة (سەربەستی) معلما للتربية الرياضية، منذ ماسكا باحدى يديه القلم ويده الاخرى الصافرة كان يقرا الكتب الخارجية الادبية والتاريخية بكثرة، ومنذ عام ١٩٨٠ بدأ بنشر نتاجاته في صحيفة هاوكاري والعراق، وكانت اولى قصته نشرت في صحيفة هاوكاري بعنوان (نەزەرگاوباج- المزار والضريبة) ،وله مجاميع من القصة القصيرة وروايتان بعناوين (ئەشکەوتی خوێن-كهف الدم) ورواية (شاری لە خەم ئاوسبوو - المدينة الحبلى بالهم) ، وله اربع نتاجات جاهزة للطبع (روايتان ومجموعتان للقصة القصيرة) بالاضافة لمنشوراته في صحيفة هاوكاري وبيان ورنگين . وبعد ان فرضوا سانسور على كتاباته في زمن النظام المباد كان ينشر في اقليم كوردستان باسم مستعار (غلام گرمياني)،

وبعد السقوط كان ينشر في بأسره ونوشفق وكركوكي ئيمرو ، كما و عمل في هيئة التحرير لصحيفة كركوكى ئيمرو، عمل مسؤولا للجمعية الثقافية والاجتماعية لكركوك في طوز، مستمر لحد الان في عالمه الادبية. امله الوحيد في ان لا يبخل في عمله لحين ان يطبع نتاجاته الباقية.

كركوك .. مهرجان كركوك السينمائي للافلام القصيرة

اقيم في المركز الثقافي بمدينة كركوك فعاليات ملتقى كركوك السينمائي الدولي لافلام كورونا بعد ان استمرت لمدة يومين ٤ و ٥ تموز ٢٠٢١ .

وتم خلال الملتقى الذي نظمته مؤوسسة كركوك للثقافة والفنون وبرعاية اعلامية من فضائية كركوك ، عرض عشرة افلام قصيرة بالاضافة الى فيلم في الهامش وتوزيع الدرع على الراعين للمهرجان ، وشهد الملتقى القاء ٤ محاضرات طبيبة لاربعة اطباء من اجل توعية المواطنين وتشجيعهم لاخذ اللقاحات في ظل عزوف بعض المواطنين من اخذه ، ومن ثم وزعت الدروع على الافلام المشاركة .

فرع كركوك لجمعية الخطاطين
حضور فاعل في الارتقاء بالخط والزخرفة

كركوك / رزكارشواني

يواصل فرع كركوك لجمعية الخطاطين العراقيين حضوره الفاعل في الارتقاء بالخط والزخرفة الاسلامية و اقامة الدورات للخط والزخرفة في المدينة .

وفي هذا السياق تحدث شاهين كركوكلي رئيس جمعية الخطاطين في كركوك قائلا : تأسست الجمعية في ٢٠١٤/٥/٢٣ بهمة الخطاطين في المدينة لتكون صرحا فنيا يخدم الفن الاسلامي الرفيع وحروف القران الكريم ، ومنذ ان انبثقت الجمعية في كركوك بدأت بفعالياتها ونشاطاتها دون هوادة. حيث كان الخطاطين في كركوك متعطشين لافتتاح الجمعية لتكون مركزا للمتلقى الفني ومدرسة لنشر علوم واسرار هذا الفن الخالد.

وبين شاهين كركوكلي انه ومنذ تاسيس الجمعية تم اقامة دورات عديدة شارك فيها اكثر من ٢٦٠ طالبا تلقوا التدريبات الاولية في الخط الديواني والنسخ و الرقعة والجلي الديواني والثلث وفن الزخرفة و دورات تحسين الكتابة بالاضافة لدورات برنامج فوتوشوب وكوريل درو، كما شاركت جمعيتنا في ندوات اقامتها كلية الهندسة وكذلك كلية الآداب حيث تم القاء محاضرات بخصوص تاريخ الخط والكتابة.

كما تم استضافة الكثير من الشخصيات الخطية المعروفة والاستفادة من خبراتهم وتجاربهم الفنية امثال الاستاذ الخطاط احمد عبد الرحمن اربيللي والخطاط صباح اربيللي والاستاذ الخطاط سيروان البرزنجي والاستاذ نزار الدوري وغيرهم.

و كانت جمعيتنا حريصة على اقامة المهرجانات الخطية وعرض اللوحات التي هي من نتاج خطاطي كركوك. حيث كان المهرجان الاول في ٢٠١٥/١/١٩ والمهرجان الثاني كان في ٢٠١٤/٥/٢٣.

واختتم رئيس فرع كركوك لجمعية الخطاطين العراقيين حديثه قائلا : تشجيعا لطلبة الخط وخريجي الدورات من جمعيتنا قامت الجمعية بإعداد معارض لعرض اللوحات المنجزة من قبل الطلبة ، متمنيا مزيدا من التقدم والعطاء للجمعية خدمة لخطاطي مدينة كركوك بمختلف القوميات والاطياف .

كركوك .. حفل توقيع كتاب للكاتبة و الناشطة كنير عبدالله

اقامت مديرية الثقافة والفنون في كركوك وبالتنسيق مع فرع كركوك لاتحاد نساء كوردستان يوم الثلاثاء ٦ تموز ٢٠٢١ حفل توقيع كتاب (لە هەناوی عەشقەوە) اي (في اعماق العشق) للكاتبة والناشطة كنير عبدالله .

وقدمت المحتفى بها خلال الجلسة التي اقيمت في المركز الثقافي بمدينة كركوك نبذة تعريفية عن اصدارها الجديد الذي يهتم بالحب والحياة.

ومن ثم وزعت الناشطة كنير عبدالله نسخ من كتابها للحضور من الادباء والكتاب والنسوة .

ناترۆن دەریاچەی بکوژی گیانلەبەران

دەریاچەی ناترۆن یاخود دەریاچەی بکوژ ئەو دەریاچە رەنگ پەمەییەی دەکەوێتە باکوری وڵاتی تەنزانیاو نزیك سنوری وڵاتی کینیا لە کیشوەری ئەفەریقا، کە بەپێی سرووشتی دەریاچەکە هەر گیانلەبەرێك یان رووەکێك رووی تێبکات یا لێی نزیك بێت دەیکات بە پەیکەر و لەناوی دەبات، بەوەش پسپۆران ناوییان لە دەریاچەکە ناوە، دەریاچەی بکوژ.

ئاشکرابوونی سحری بەپەیکەر بوونی بونەوەرەکان لەدەریاچەکە بۆیەکەمجار

نیکی براندت فۆتۆگرافەرێکی بەریتانی کاتێك لەگەشتێکیدا روو دەکاتە وڵاتی تەنزانیا، بۆ گرتنی وێنەی جوانی سروشتی ئەو ناوچەیە لەگەڵ نزیك بونەوەی لە دەریاچەی ناترۆن کۆمەڵێك پەیکەری باڵندە دەبینێت کە رەقبون و بوون بەبەرد هەڵیاندەگرێتەوەو وێنەیان دەگرێت، وە بۆ یەکەمجار سحری بەبەرد بون یا بەپەیکەر بونی گیانلەبەران لە دەریاچەکە ئاشکرا دەکات.

بڵاوبونەوەی هەواڵەکەلە رۆژنامەو گۆڤارە جیهانییەکان

دوای ئاشکرابوونی بەپەیکەر بون یاخود بەبەرد بونی گیانلەبەرەکان لەلایەن نیکی براندیت بەشێکی زۆر لە رۆژنامەو گۆڤارە جیهانیەکان داوای چاوپێکەوتنیان لێکرد و داوایانکرد ئەو سحرە ئاشکرا بکات بەڵام نیکی پێی راگەیاندن کە تا ئێستا نەتوانراوە هۆکارەکەی ئاشکرا بکرێت.

لێکۆڵینەوەی زانایان سەبارەت بە هۆکاری بوون بە پەیکەری گیانلەبەران لە دەریاچەکە

دوای ئاشکرابوونی ئەو حاڵەتە نامۆیەی دەریاچەکە زانایان چەند لێکۆڵینەوەیەکی زانستییان دەست پێکردو بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانە دەرکەوت کە رێژەی خوێی دەریاچەکە زۆر زۆرەو پلەی گەرمیشی دەگاتە ٦٠پلەی سەدی .

هەروەك رێژەی ترشەڵۆکی دەریاچەکە دەگاتە ١٠,٥کەزۆر زیاترە لەرێژەی ترشەڵۆکی تەواوی دەریاچەکانی جیهان، ئەمەش دەبێتە هۆی سوتانی پێست و چاوی ئەو گیانلەبەرانەی لەناو دەریاچەکەدا هەن و ئەمەش وایکردووە وەك شوێنێکی مەترسیدارو مەرگ هێنەر بناسرێت و هیچ کەسێك نەوێرێت نزیکی بکەوێت.

KIRKUK

Freq: 11636_ S.Rate:27500_Pol:V